# دەقی شیعری

## بەشی کوردی

## قۆناغی یەکەم


*مامۆستای بابەت*

**د.ئومێد عزیز مستەفا**

Umed.mstafa@su.edu.krd

# تێکستی شیعری

- **کورتەیەک لە مێژوو و زاراوەی دەق**
- دەق مێژوویەکی زۆرکۆنی هەیە، لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ و دانانی لەسەر زەوی دەقیش پەیدابووە،کە یەکەمین دەق خاوەن داریەتیەکەی بۆ پەروەردگاری مەزن دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کە پەیامەکانی بۆ حەزرەتی ئادەم ناردووەو کاری پێکراوە. کاتێک لە دەق ورد دەبینەوە هەر زوو ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دەق بەسەر دوو بەشی سەرەکی دابەش بووە:
- **یەکەم :** دەقەکانی ئاسمانیی: ئەو دەقانە دەگرێتەوە کە پەروەردگار لەڕێگەی فریشتەکانەوە ناردوویەتیە سەر زەوی بۆ هەڵبژێردراوەکانی واتە بۆ پێغەمبەر و نێردراوەکانی ناردووە و لەڕێگەی ئەوانیشەوە گەیەندراوە بە مرۆڤایەتی،هەندێک لەم دەقانە کۆنترین دەقن و مێژووەکەیان هاوشانی مێژووی دروست بوونی مرۆڤە لەسەر زەوی.

## دووەم:دەقەکانی نائاسمانی:

- هەموو ئەو دەقانە لەخۆدەگرێت،کە زادەی بیرو بۆچوون و بەرەمز و بەوێنەوە بە نووسراو و هزری ئادەمیزادە ، گوتراویشەوە، کە هەموویان لەم چوارچێوەیەدا دەناسرێن و چەندین جۆر لەخۆیان دەگرن،هەروەها مێژووەکەشیان دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەجیاوازەکانی سەر گۆی زەوی بەگشتی و پەیدابوونی زمان و نوسین لەنێو نەتەوەکاندا بەتایبەتی و چۆنیەتی پاراستنی دەقەکانیان لە پێش پەیدابوونی نووسین و دوای پەیدابوونیش. کەواتە مێژووی دەقی نائاسمانی یان زادەی بیری مرۆڤ پەیوەستە بەدەقە نەتەوەییەکانەوەو لەنەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی دیکە جیاوازەو هەر نەتەوەیەک خاوەن مێژووی تایبەت بە یەکەم دەقی خۆیەتی. جیاوازی نێوان ئەم دوو دەقەش خۆی
- .)ادا دەبینێتەوە، مێژوو، هونەر و خاوەن دەقەکە لە فەلسەفە(

- لەڕووی زاراوەوە لەزمانی ئینگلیزیدا(Texting)ی پێ دەوترێت، کە لەبنچینەدا لەزمانی لاتینیەوە وەرگیراوە،کەبەواتای چنین هاتووە،لەناو رۆشنبیرانی عەرەبیشدا زاراوەی (النص) لە فەرهەنگە کۆنەکاندا، بەواتایەکی تایبەتی هاتووە، بۆ نموونە لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا هاتووە،کە(النص)بە واتای ئەوشتەی تۆ بەرز دەکاتەوە، هەروەها(ئەزهری)ش دەڵێت:(النص)ڕەگی کۆتایی ئەوشتەیەکە لەکۆتایی شتەکەدا هاتووە. ئەگەر سەرنج بدەین لەهەر زمانێکدا بەجۆرێکی جیاواز ناودەبرێت،لە زمانی کوردیشدا (دەق) بەکارهاتووە، کە لە هەندێ فەرهەنگی کوردیدا بەمانای (وەک یەکی)یان(نیشان) لە فەرهەنگی کیوی موکریانیدا یان هەژار لە هەمبانە بۆرینەدا نووسیوویەتی دەق واتە بێ کەم و زیاد،دانیشتن،رازاندنەوە، زەوق و کەیف یان خاڵی کوتراو. بەڵام لەزمانی فارسیدا (متن)ی بۆ بەکارهاتووە،کەبەمانای ئەونوسینە دێت کە پەراوێزی نەبێت، وە بەمانای زەویەکی بەرزیش دێت.

# پێناسەی دەق :

- دەق تۆمارکراوی ڕووداوی ئاخاوتنە، ئەرکی جۆراو جۆری هەیە، بەپێی ئەو شوێنەی لێی بەرهەم هاتووە،فۆرمێکی زمانییە بۆ کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پەیوەندییە ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و زمانی و ڕۆشنبیری و مەعریفییەکان. لەفەرهەنگ و زاراوەشدا پێناسەی بۆکراوە. لەوانە:
- -لەفەرهەنگی(لسان العرب)دا لەبارەی (دەق-النص)ەوە هاتووە:((دەقی ئاخاوتنە، وەکو خۆی دەخرێتەڕوو)).
- -لەموعجەمی ئینگلیزی( Text) واتە دەق((ئەو رستەو وشانەیە، کە نووسراونەتەوە،(یان چاپکراون و هەڵکۆڵدراون)، وەکو کتێب و دەستنوس)).
- – (خەلیل ئەحمەد خەلیل)یش لە ئەدەبی عەرەبییەوە، کۆمەڵێک واتای (دەق-النص)ی هێناوە، کە بریتییە لەوەی(دەق تۆمارکراوە، کتێبە بەزمانی یەکەمی، واتە :وەرگێڕاو نەبێ). دواتر باس لەوەدەکات و دەڵێت:(دەق هەموو تۆمارکراوێکە، دەستنوس بێت،یان چاپکراو بێ).کەواتە ئەوەی تۆمارکرا دەقە.

- هـــــەروەها لەپێناســــەیەكی تــــردا دەق بـــــەم جـــۆرە پێناســەكراوە، (دەق : ئـەو دانـە زمانیـە دەگرێتـەوە كەلەسـەرووی رستەیەكەوە پێك دێت ، بـەڵام دەشـگونجێت كـەمتر لـە رسـتە ، بـەهۆی بەنـدكردنی بـەدەوروو بـەرەوە بـەدەق دابنـدرێت ، وەكـو (زۆربـەی دەقـە باوەكـان لەیـەك رسـتە كـەمتر پێكهـاتوون وەك : ئاگاداربەلافیتەیـە،... بۆفرۆشتن ، داخراوە ، واتـە كورتی و درێژی لەبەرچاو ناگیرێـت). ئێمـە پێمـان وایـە دەق : بریتیـە لـەو كۆمەڵـە وشـەو رستەو دەستەواژەیەی كەبەشـــێوەیەكی هونـــەری و زانســـتیانە دارێـــژراوە و مانـــای تـــەواو دەگەیەنێت بێ ئەوەی ڕەچاوی كورتی و درێژی یا كەم و زۆری بكرێت.
- –لەفەرهەنگی رۆبێرتی فەرەنسیدا هـاتووە، دەق: بریتییـە لە كۆمەڵێک وشەو رستە كە وتراو بێت یان نووسراو.
- –(تــۆدۆرۆف) دەڵێــت:(دەق بەرهـــەم هێنـــانێكی زمانییـــە دەلالـەتێكی سەربەخۆی هەیە كـە ڕەنگـە لـەرستـەیەكدا یـان پەرتوكێكدا تەواو بكرێت.

## خوێندنەوەو ڕاڤەی دەق

- ئەو خوێنەرەی نایەوێت بەژداری سەرلەنوێ نووسینەوەی دەق بکاو پێی وایە بۆی نییە بەناوی دەقدا بگەرێ و نادیاریەك ئاشکرابکات و ڕایەکی پێچەوانەی رای نووسەر دەربڕێت ،ناتوانێ کردەی راڤە کردن ئەنجام بدات . خوێندنەوەو راڤەکردن لەیەکدی جیان هەندێ خوێنەر تەنها کردەی خوێندنەوە ئەنجام دەدەن و ئەوەی نووسەر گوتوویەتی دەیلێنەوە ، هەندێ خوێنەریش وێرای خوێندنەوە قسەیەکی تریان هەیە و لەودیو مانادیارو ئاشکراکانەوە بۆمانای دیکە دەگەرێن . خوێندنەوە رەهەندێکی ئەنتۆلۆژی هەیە گۆرانی حالەتی سایکۆلۆژی و ئاستی هۆشیاری خوێنەر خوێندنەوەی جیاجیای لێ دەکەوێتەوە (ئەگەر کەسێك لەدوو حاڵەتی لێك جیا دا دەقێك بخوێنێتەوە ئەوا دوو خوێندنەوەی لێك جیای ئەنجام داوە، ئەم کردەی خوێندنەوەیە کە حاڵەتێکی جێگیرو نەگۆری نییە ئەو راستیەمان پێ دەڵێ کە دەق بەجارێ خوێندنەوە و راڤەکردن مانا شاراوەو نهێنیەکانی ئاشکرا نابێ ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە هەموودەقێك هەڵگری مانای شاراوە و نادیارە ، زۆرجار (دەقێکی لاواز) لەلایەن رەخنەگرێکەوە بەجۆرێ خوێندراوەتەوە و پێشکەش کراوە کەدەقێکە هەڵگری بەهاری جوانی و مانای شاراوەیەو بەپێچەوانەشەوە هەندێ جار نرخ نەدراوە بەهەندێ دەق کە شایەنی خوێندنەوەو راڤەی جۆراو جۆرن و پێویستە لەروانگەی جۆراو جۆرەوە سەیربکرێن.
- کاتێ خوێنەر دەقێك دەخوێنێتەوە وەك چۆن لەنێو ژیانەوە دەچێتە ناو دەق ، دەبێ هەوڵی ئەوەش بدرێت لەنێو دەقەوە جارێکی تر بگەرێتەوە نێو ژیان ، ئەگەر لەلایەکەوە بەهۆی ژیانەوە لەدەق دەروانێ، دەبێت بەپێچەوانەوەش دەق بکات بەو ئاوێنەیەی کەجارێکی دیکە ژیانی تێدا دەبینێت ، بەڵام دەق ئەو ئاوێنەیە نییە ژیان وەکو خۆی نیشان بداتەوە، بەڵکو ئاوێنەیەکە دەشێ خوێنەر بەراڤەو لێکدانەوەو بۆچوونەکانی خۆی وێنەکانی ژیانی تێدا ببینێتەوە .

## مەرجەکانی دەقی ئەدەبی

- سەرەتا پێویستە بزانیین کە دەقی ئەدەبی، ئاخاوتنێکی ئەدەبییە،شیعرە یان پەخشانە،لە کەسی یەکەم(ئەدیب یان شاعیر)ەوە دەرچووەو پێشکەشی کەسی دووەم(خوێنەر یان گوێگر) کراوە،لە(زمانی سروشتی یاسایی) و لە (زمانی ئاخاوتنی گشتی ئاسایی)یش لادەدات و بەزمانێکی ئەدەبی جیاواز لەو زمانانەی گوتران، پێشکەش دەکرێت. هەموو ئاخاوتنێک ئەگەر ئەو مەرجانەی خوارەوەی تیابوو، ئەوە بە دەقی ئەدەبی هەژماردەکرێت، بەڵام ئەگەر ئەو مەرجانەی تیادانەبوو، ئەوە دەقی ئەدەبی نییە، بەم شێوەی خوارەوە:

١. لەرستەیەکی سادە کەمتر نەبێت، بەڵام چەندەی لەوە فراوانتر و دەوڵەمەندتر بێت،ئەوە ئاساییە. واتە ئاخاوتنەکە لە خودی خۆیدا دەق بێت، نەوەک بە تەواوکردن، واتە بەبێ ئەوەی کە لێکبدرێتەوەو شلۆقە بکرێت، یان نابێ بە ئاماژەو راڤەی دیکە بکرێتە دەق، بەڵکو ئاخاوتنەکە دەبێ، خۆی دەق بێت، بۆنمونە:(کابرا گوتی:(هەموو)... مەبەستی لە (هەموو) ئەوە بوو بڵێ: هەموو کەسێک شەربەتی مردن دەنۆشێ). لەم دەربرینەی سەروو،(هەموو) ناشێ دەق بێ و قەت بە دەق هەژمارناکرێت، با لەگەڵ ئەو ڕاڤەیەی لەگەڵیشی هاتووە، واتای بۆ زیادبکات و لێکدانەوەی خۆی بۆ بکات.
٢. بابەتێکی گرنگ لە خۆی بگرێت، کەخزمەت بە گەل و وڵات بکات. جا بابەتەکە لە هەر بوارێک بێ، لەبوارە لە یەکجیاکان، نەوەک هەرچییەکی گوترابێت، بەدەق بژمێردرێت.
٣. ئەقل بکاتەوەو بیر بەرەو پێش ببات.

١. گەشبین بێ و ژیانسازی بکات، نەوەک ڕووخێنەربێ و بەچاوی ڕەش تەماشای ژیان بکات،واتە: خەڵک بەرەو ژیان هانبدات، نەوەک بەرەو خۆکوژی.
٢. پارێزگاری بکات لە ئاین و داب و نەریت و ڕەسەنایەتی کۆمەڵگاو هەموو دەستکەوتێکی مەعنەوی و مادی- ژیاری و شارستانییەتی نەتەوە بکات.
٣. دەربڕین و وشەکانی جۆرێک لە ئاواز و مۆسیقای خۆش ببەخشین.
٤. ئەگەر وێنەی تیابوو، وێنەکە هونەری و بەسود بێت.
٥. تەواوی ڕەگەزە ئەدەبییەکانی وەکو:(سۆز و خەیاڵ و بیر و فۆڕم و جوانی)، یان هیچ نەبێ یەک لەمانە لەخۆیدا بگرێ.

- بەم مەرجانە هەموو ئاخاوتنێک دەبێتە دەقی ئەدەبی، بە پێچەوانەوەش هەر ئاخاوتنێکی دیکە، خاڵی بێ لەو مەرجانە لە دەقییەتی ئەدەبیدا دەشۆرێ. کەواتە دەتوانیین بڵێین دەقی ئەدەبی بریتییە: لەو ئاخاوتنە ڕێکخراوەی کە لە دەم و زار و هزرو بیری ئەدیب یان شاعیران دێتەدەرەوە جا تۆمارکراوبێت یان سەرزارەکی،گرنگ ئەوەیە واتای تەواو ببەخشێت و کاریگەری هەبێت بەسەر خوێنەر یان گوێگرەوە و تەواوی مەرجەکانی دەقی ئەدەبی لەخۆگرتبێت.

- **چۆنیەتی لێکۆڵینەوەلەدەقی ئەدەبی**
- پێش ئەوەی دەست بکەین بە لێکۆڵینەوەو خوێندنی دەقی ئەدەبی، پێویستە زانیارییەکی سەرەتایمان هەبێت، دەربارەی جۆری خوێندنی ئەم بابەتە؛ چونکە وەنەبێ وردبوونەوە لەدەقێکی ئەدەبی هەرواکارێکی ئاسان بێ، بەڵکوو ئەبێ وابزانیین کەکارێکی گرنگ و ئەرکێکی قورسە. بۆیە پێویستە ئەم دەستورانەی خوارەوە بزانین و لەبەر ئەو رووناکییە بچین بەرێوە:
  - کەدەقێکی ئەدەبی ئەخەینە بەردەست ئەبێ بەر لەهەموو شتێک سەیری ئەوە بکەین، کە ئایا ئەم دەقە ڕاستەو دروست کراو نییە، چونکە نەک لەئەدەبی کوردیدا بەڵکوو لە ئەدەبی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا لە زۆر سەردەمدا دەق و پارچەی ئەدەبی دروستکراوەو دراوەتە پاڵ قۆناغێکی کۆنتر! دیارە ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک بووە، وەکو:رامیاری، ئاینی، نەتەوایەتییەکی تەسک(التعصب القومی). ئەم جۆرە دروستکردنە لە ئەدەبی عەرەبیدا زۆر بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەتی لەسەردەمەکانی ئەمەوی و عەباسیدا، بەتایبەتیتر هی ڕۆژانی

عەبباسی کە گەلێ شتی وا ڕێک خراون و دراونەتە پاڵ سەردەمی جاهیلی؛ وەکو ئەو دوانەی کە گوایە نوێنەرانی عەرەب لای(کیسرا)وتوویانە کە ئەمانە لەبەرگی یەکەمی(العقد الفريد)دا پیشان دراون)!کەچی لەکاتێکدا کەسەیری شێوەی وتنەکەی ئەکرێ لەگەڵ دارشتنەکەیان بەتەواوی لە هی سەردەمی ئیسلامی ئەچێ،جگە لەوەش کە هیچ بەبیردانایەت کاتێ کە(کیسرا) پادشای ساسانی بووبێ و عەرەبی(حیرە)ی لەژێردەستا بووبێت، ئەوان بتوانن بەرانبەریی ئەوبکەن بەو قسە گەورانە! بەڵکو ئەوەی کە دایناوە، لەبەر ئەوە گوایە عەرەب لەسەردەمی جاهیلیشدا هەر خاوەنی پەخشان و قسەی ڕێک و ڕەوان بووە! ئەمە ئینکاری ناکرێت کەخاوەنی بووە، چونکە نەتەوە بووە، نەتەوە بە چەشەو سەلیقە زانا و قسەزانی تێداهەیە،لەوانە(قس بن ساعدە)قسەزانێکی باش بوو، بەڵام ناوچەی ئەو سەردەمە ئەوە نادات بەدەستەوە کە خاوەن قەلەمێکی واهەبووبێت، کە ئەو هەرشتێکی وتبێ خێرا ئەم نووسیبێتیەوە، هەتا ئەو نووسینە بووبێ بە دەقێکی بێ دەستکاری و بە چەشنی دەق مابووبێتەوە بۆ پاشە ڕۆژ، تەنیا سەردەمی ئیسلامی بوو،وە بەتایبەتی سەردەمی چوار خەلیفەکە، کەتوانرا ئەو رەنجە لەگەڵ قورئاندا بدرێ و بە پوختی بهێلرێتەوە بۆ ڕۆژانی دوایی.

- دوای ئەوە دەبێ بزانرێت ئەو دەقە بەنووسراوەیی گەیشتووە بە ئێمە، یان بە گێردراوەیی؟ ئەگەر بەگێردراوەییە ئایا ئەو کەسەی کە گێراویەتیەوە قسەی راستە یاخود نا؟ ئەگەر نووسراوەشە، هی چ سەردەمێکەو بەچ جۆرە(الف و بێ)یەک و چ شێوە زمانێک نووسراوەتەوە؟ ئەگەر چاپکراویش بوو، دەبێ بزانرێ سەرەتاکەی لە کوێوە وەرگیراوە؟ چونکە شتێکی ئاشکرایە وەکو وتمان ئەو دەقانە کەهەن، یان بەدەماودەم گەیشتوونەتە ئێمە،یان بەنووسراوەیی، وەکو دەزانیین زۆرجار رێک کەوتووە یەکێک پارچە هۆنراوەیەکی لە هۆنەرێکەوە بیستووە و لەبەری کردووە و بۆ یەکێکی تری گێراوەتەوە و ئەویش بۆ یەکێکی تر، لەم کەین و بەینەدا دوورنییە کە بەشێکی گۆرابێ، وەیا پچرابێ،بۆیە دەبێت بەوردی لێی بکۆڵدرێتەوە، تاکو بەپێی توانا نزیکی بکەینەوە لە دەقە ڕەسەنەکەی خۆی، ئەمەش زیاتر لەپەخشاندا زۆرترە.
- جگە لەمەش نووسراوەکان ئەبێ بە چاوێکی پشکنین و وردەوە سەیر بکرێن؛ چونکە نەوەک هەر لە ئەدەبدا بەڵکوو لە نووسراوی مێژووشدا گەلێ شتی دروستکراو هەیە، وە بۆ دۆزینەوەی راستی و دروستیی ئەم نووسراوانە چەند رێگایەک هەیە، وەکو: شێوەی نوسین و جۆری مەرەکەب و قەڵەم و کاغەزو ئەو شتانەی کە پێی نووسراون. وەهەر لەبەر ئەمەبووکە لەسەردەمی راپەرینی ئەورووپا لە سەدەی پازدەهەم و شانزدەهەمدا دەست کرا بە هێنانە ناوەوەی ئارەزوویەکی نوێ لە پشکنین و رەخنەدا بەرانبەر بەنووسینە کلاسیکەکان، کە لە کەنیسە و دێرەکانا دەست کرابە کۆکردنەوەو دۆزینەوەی ئەو دەست نووسانە، لەبەر ئەوە کەنرخێکی تەواویان هەبوو هەوڵی ئەوە درا کەبزانرێ ئەو دەست نووسانە راستە، یا دروست کراون؟لەم کاتەدا گەلێ هەڵەو دروستکراو دەرکەوت! بۆ نموونە یەکێ لە مامۆستا ئیتاڵییەکان، کە ناوی(لۆرنزوڤالا)بوو، ئەو سەردەمە توانی بەهۆی ئەو دەستورانەی سەرەوە کەباسمانکرد،

- ئەو بەڵگە نامە بەناو بانگەی کەبە(بەخشینی قوستەنتەنین)بەناوبانگە، گوایە قوستەنتین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا فەرمانی ئایینی لەڕۆمادا بە(پاپا)ی بەخشیوە، بەدرۆبخاتەوەو بەدروستکراوی دابنێ!.

- -بێجگە لەمانەش ئەبێ بەتەواوی خاوەنەکەی بناسین و دیاری بکەین، چونکە زۆرجار رێک دەکەوێ کە دەقێک خاوەنەکەی دیارنییە، وەیا ئەو پایەیەی نییە کە ئەو پارچەیە بەناوی خۆیەوە بڵاوبکاتەوە، لەبەر ئەوە ئەیداتە پاڵ یەکێکی تر! جاری واش هەیە لەبەر باری رامیاری و ئایینی، وەیا زۆرداری و فەرمانڕەوا، زۆر هۆنەر و نووسەر بە ناوی ڕاستەوڕاستی خۆیەوە ناتوانێ بەرهەمەکەی بخاتە ڕوو، بەڵکوو بەناوێکی خواستراو، وەیا بەناوی یەکێکی ترەوە بڵاوی ئەکاتەوە.

- –دوای ئەمانە بە هۆی زانستی ڕێزمان و نیشانەو جۆری پیتەکان و زانستی کێش و عەرووزو چەشەی خوێندنەوەی سرۆشتی زمانەکە دەست ئەکرێ بەخوێندنەوەی، بۆ ئەوە بەباشترین و ڕاسترین جۆر بخوێندرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر شارەزای ئەو زانستانە نەبێ، خوێندنەوەی ڕاستی ئەو دەقە نازانین؛ چونکە خوێندنەوەی دەق یان دەقی ئەدەبی بەتایبەتی دەقی شیعر گرانترە لە خوێندنەوەی نووسراوی گشتی و شتی تر. ئینجا کە ئەمانە ئەنجام دران دەست دەکرێت بە مەبەستەکە، ئەویش دوو بۆ سێ جار دەقەکە دەخوێنینەوە، وشە گرانەکانی واتای لێک ئەدەینەوە، دوایی دەست دەکەین بەشی کردنەوەی دەقەکەو هۆی وتنی. بۆ ئەمەش سێ ڕێگامان هەیە، کە ئەمانەن:

- ١–کاریگەری دەورو پشت و ئەو مەڵبەند و کۆڕەی تیادا دەرکەوتووەو ئەو هۆنەرانەی کە لە ئەدەب و هۆنراوەدا لەو کات و سەردەمەدا باوبوون، وە ئەورێچکەو ڕێبازانەی کە ئەو هۆنەرو هۆنەرەکانی هاوچەرخی گرتوویانە ئەبێ شارەزای ئەوانەش بێ.

- ٢–سەیری ئەدیبەکەو سۆزی دەروونی و کەسیەتی و خویی هەست و نەستی دەروونی بکرێ،جگە لەمەش دۆزینەوەی ئەو کەسانەو ئەو هۆنەرانەی کەکاریان کردۆتە سەر هەست و بیرو شێوەی ئەدەبەکەی بزانرێ.

- ٣–دوای ئەمانە دەقەکە ئەخەینە بەر دەستمان و دەست ئەکەین بە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی. هەوڵ ئەدەین کەبزانیین تا چ ڕادەیەک هۆنەرەکە توانیویەتی هونەرمەندیی خۆی پیشان بدا؟ وەتا چ ئەندازەیەک لەو دەقەدا سەرکەوتووە و توانیویە ئەوەی کە ئەیەوێ دەری بخاو تا ڕادەیەکیش چارەسەری بۆ دۆزیوەتەوە.

## **دەقی ئەدەبی کوردی**

- ئەو دەقە ئەدەبیانەن کەشاعیر و ئەدیبانی کورد بەرهەمیان هێناوە ، هەروەها هەر دەقێکی دیکەی ئەدەبیش دەگرێتەوە ، کە بەزمانی کوردی بنووسرێت ، با خاوەنەکەشی کوردنەبێت. گومان لەوەدانییە کە ئەدەبی کوردیش هەروەکو ئەدەبی نەتەوەکانی جیهان بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە،هەرقۆناغێکی لەبارەی شێوەو زمان و جۆری دارشتن و شێوەی نووسین و بابەتەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە. کاتێک لەمێژووی ئەدەبی کوردی ورد دەبینەوە هەروەکوو گەلە ئێرانی و ئارییەکانی تر ، ئەکرێ بەدوو قۆناغ یان سەردەمی سەرەکی ، کە ئەمانەن:
- ١–سەردەمی پێش ئیسلام
- ٢– سەردەمی دوای ئیسلام
- ١–سەردەمی پێش ئیسلام: ئەم سەردەمەش دەکرێت بەسێ بەشەوە:
- أ–سەردەمی کۆن: کە لەزۆر کۆنەوە دەست پێدەکات ، تاسالْی(٣٣١)ی پێش میلاد.
- ب–سەردەمی کزبوون و سیس بوونی ئەدەب لەسالْی(٣٣١)ی پێش میلادەوە تا سالْی(٢٢٦)ی میلادی.
- ج–دووەمین سەردەمی کۆن ، یان سەردەمی دوای کزبوونی ئەدەب لەسالْی(٢٢٦)ەوە تاسالْی(٦٥٠)ی میلادی.
- ٢– سەردەمی دوای هاتنی ئیسلام: ئەمەش دەبێتە چەند بەشێک(عەلائەددین سەججادی) ئەم سەردەمەی بۆ دووبەشی دابەش کردووە:
- أ–لەسەدەی حەوتەمی میلادەوە تا سەدەی حەڤدەهەم.
- ب–سەدەی حەڤدەهەمەوە تا ئیمرۆ.

- **یەکەم:دەقی ئەدەبی کوردی لەسەردەمی پێش ئیسلام:**
- دەقی ئەدەبی لەکوردستاندا مێژووەکی دوور و درێژی هەیە، هەر لەسەرەتای دروست بوونی نەتەوەی کوردەوە، هەتا سەردەمی دەرکەوتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام،دەقی کوردی زۆرمان هەیە، بەڵام نەنووسراونەتەوە و بەکۆنترین دەقی ئەدەبی کوردی دادەندرێت،واتە کۆنترین دەقی ئەدەبی کوردی دەقە زارەکییەکانن، ئەوانەی بەتێپەرینی رۆژگار پشتاوپشت ماونەتەوەو ناومان لێناون دەقەکانی فۆلکلۆری نەتەوەیی، کەواتە دەقە سەرزارەکیەکان ئەدەبێکی گەورەی سەرزاریمانن، ئەو ئەدەبەش پشتاوپشت گوازراوەتەوە تاکو گەیشتۆتە ئیمرۆ.ئەمە دەقی فۆلکلۆری کوردییە،بۆ رۆژی خۆی و بۆ ئێستاش فەلسەفەی ژیانی کوردەواری و پێویستیی مرۆڤایەتی دەگرنەوە،فۆرمەکانی پەندو قسەی نستەق و هەقایەت و ئەفسانەو گۆرانی و... ئەوانی ترن. راستە ئەو دەقە فۆلکلۆریانەی هەن هەموویان مێژوویان نییەو نازانرێ هی چ سەردەمێکن، بەڵام بەلێکۆڵینەوەو وردبوونەوە لە بنیات و رووداو و شوێن و بابەت و باسی دەقەکان، دەتوانیین هەندێکیان بە ئاسانی بدۆزیینەوە، کە هی سەردەمی پێش هاتنی ئیسلامن و زۆریش لەپێش ئیسلامەوە دروست بوونە، چونکە رەمزو نیشانەی زۆری تایبەتی و گشتی هەنە، کە ئەمە دەسەلمێنن، با تاکو ئێستاش هەر بەسەر زمان و زارانەوەبن و بەشێوەی زمانی ئەمرۆ پێشکەش بکرێن، بەڵام ماناو تەمەنیان دیارە کە کۆنن و هی سەردەمانی زوون. بۆنموونە:( بەند و بالۆرەی ساوارکوتانەوەو درویێنەکردن و لایلایەی دایک بۆ کۆرپەکەی و شین وگریان و لاواندنەوەکان بۆ لەدەست

- دانی کەسانی نزیک و خۆشەویست، یان لاوک و حەیران و گۆرانی هەڵپەرکێی کوردەواری و خەنەبەندان و بۆنەکان و...) هەمووئەمانە دەقی کۆن و نەنوسراوەی ئەدەبی کوردین لەوانە:
- **<u>بەندو بالۆرەی ساوارکوتانەوە:</u>**
- دانیشتوە لەبن تو وێ
- ئاروی دەخوا بە چەقو وێ
- سەد ماشەڵڵا حەزم چوویێ
- یاالله   حەی الله
- ئەو ساوارە گەنمی پارە بۆ ئەو ساڵە
- کابانەکەی گەلێک هارە
- یاالله   حەی الله
- چاوی هەروەک چاوی ماری
- خۆم لۆ باوێ سەردیواری
- ماچی دەکەم پڕ بەزاری
- یاالله   حەی الله
- **<u>یاخود سەبارەت بە پەندی پێشینان:</u>**
- -خودا دەلیلی داماوانە.
- -خودا ڕاست دەکا و شەیتان درۆ.
- -خودا حەقی بزنی بێ شاخ لەسەر بزنی شاخ دار ناهێڵێ.
- -خودا بەندەی خۆی خۆشدەوێت.
- -خوا یەکەو دەرگا هەزار.
- -خودا سەربدات رزقیش دەدات.

- ئەمانەی ئاماژەمان پێکردن، لەگەڵ چەندان نموونەی دیکە، هەموویان لەو دەقانەی ئەدەبی کوردین، کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی کوردەوە، هەتا هاتنی ئاینی ئیسلامی پیرۆز،کە سەرزارەکی ماوەتەوەو نەنوسراونەتەوەو بەهۆی چاپ و چاپەمەنیەوە نەماونەتەوە، بەڵکو بەهۆی گێڕانەوەی دەماودەم ماوەتەوەو پارێزراوە. ئەم دەقانەش چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە کە دەتوانیین بەهۆی تایبەتمەندییەکانیانەوە بیانناسینەوە یان جیایان بکەینەوە لە دەقەکانی دیکە.تایبەتمەندییەکانیش ئەمانەن:
- ١-دەقەکانی ئەم قۆناغە مێژوویان بەڕوونی و دیاریکراوی لەسەر نییە، بەڵام بە ئاماژەکانی ناویانەوە، دەزانین هی چ سەردەمێکن.

- –هەندێکیان هی سەردەمی مرۆڤە یەکەمینەکانن، بەر لە دروست بوونی زمانی نەتەوەیی کوردی، بەڵام کاتێک کورد وەکو نەتەوەیەک جیابۆتەوە، بەزمانی خۆی ئەم دەقانەی لەبیرەوەری خۆی و نەوەکانی تۆمارکردۆتەوە.
- ٣– لەبەر ئەوەی دەقی ئەو قۆناغە، هی سەردەمی بەر لە نووسینە، بۆیە دەقەکان بە یەک شێوە زمان نەبوونە و ئەمرۆکە، کە بەکاریان دێنیین بە شێوەزاری ئەمڕۆیان بەکاردێنیین، واتە: تایبەتمەندی زمانە کۆنەکەی کوردانیان بەسەرەوە نەماوە.
- ٤– ئەو دەقانە بە زۆری قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و قسەی خۆش و بەسەرهات و ئەفسانەو گۆرانیەکانن.
- ٥– ئەدەبیەتی ئەو دەقانە شێوازی دەربڕینە زمانیەکانیانە، پوختبوونەوەیان، چۆنیەتی بەکارهێنان و گێڕانەوەیانە، کە پڕن لە دەربڕین و هونەری بەلاغی جوان و دڵگیر.
- ٦–لەرووی بابەتەوە ئەو دەقانە بەسوودن و زۆربەیان وەکو ئامۆژگاری و هۆکارێکی پەروەردەیی گرنگ ماوەتەوە.
- ٧– هەندێ لەو دەقانە دەزانیین بۆ کەی دەگەڕێتەوە، چونکە ڕەمز و کەسایەتیەکانی ناویان، سەردەمی دەقەکانمان بۆ دەستنیشان دەکەن، بەڵام هەندێکی دیکەیان ناناسرێتەوە، دەزانرێ کۆنن، بەڵام کەس نازانێ هی چ سەردەمێکن.

- **<u>دووەم: سەردەمی دوای ئیسلام:</u>**
- دەقە ئەدەبیە کوردیەکانی سەردەمی ئیسلام تاکو ئیمرۆ دووبەشن؛ هەندێکیان هی سەردەمی بەر لە پەیدابوونی نووسینن و هەندێکی دیکەیان هی سەردەمی نووسینن،ئەمانەش هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە:
- **یەکەم:** ئەو دەقانەی هی سەردەمی بەر لەنووسینن،چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە،کە بریتین لە:

أ- تاوەکو ئێستاش زۆریان بەسەر زارانەوە ماونەتەوە،بەڵام وشەو دەربڕینەکانیان بە درێژایی هەموو ئەو چواردە سەدەیە بەردەوام نوێبۆنەتەوەو بووەتە وشەو دەربڕینی سەردەم،زۆر بەدەگمەن وشەی کۆنیان تیا دەبینیەوە.

- ب-فۆرمەکانیان فۆرمی پەخشانینە بە زۆری و فۆرمی شیعرییان نادۆزینەوە،چونکە شیعر قالبی هەیەو ناکرێ دەستکاری بکرێ.
- ج-شیعرمان هەیە لە ئەدەبیاتی سەرزاری، هەمووی واتاکانی هی ئەو سەردەمی سەدەیە، یان کەمێک پێشتر گوترابێ و لەپاشان کەم کەمەیەک دەستکاری وشەو دەربڕینەکانیشی کرابێ، کە ئەوەش مادام سەرزارییەو خاوەنی دیارنییە، هەرئاساییەو شتی وەها ڕوودەدات.
- د-خاوەن و دانەرەکانیان دیار نەماینەو میللەت بووەتە خاوەنیان، واتە: بوونەتە بەشێکی گەورەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری نەتەوەیی.

- هـ–ئەو دەقانەی باس لە پیرۆزی ئیسلام و ڕیسوایی دوژمنانی ئیسلام دەکەن، باس لە بەها باڵاکانی ژیاری کوردی وەکو ژیارێکی ئیسلامی و ڕەوشتە بەرز و جوانەکان دەکەن.
- **دووەم:** ئەو دەقانەی نووسراون و کاتی خۆی تۆمارکراون، ئەوانەش چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە، هەندێکیان بریتییە لە:
- أ–یەکەم دەقی نووسراوی کوردی لە باباتاهیری هەمەدانییەوە دەست پێدەکات، کە بەشێوەی لوڕی نووسیویەتی.
- ب–ئەودەقانەی نووسراون وەکو خۆیان ماونەتەوە، قابیلی دەستکاری نینە.
- ج–ئەو دەقانەی نووسراون، خاوەن و سەردەم و زمان و شێواز و وێنەو بیرکردنەوەی سەردەم و ڕۆژ و شوێنی بەرهەمهێنانی خۆیان هەیەو پارێزگاری لە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی خۆیان دەکەن.
- د–دەقە نووسراوەکانی کورد لەسەرەتاوە شیعرەو زۆر درەنگتر دەقی پەخشانی کوردی تۆمارکراوە.
- هـئەو دەقانە هەندێکیان باس لە پیرۆزی ئیسلام و ڕیسوایی دوژمنانی ئیسلام دەکەن، هەشیانە باس لەبابەتی دیکەی جۆراوجۆر و لەسەردەمی نوێش، هەندێ دەق هەیە بەداخەوە دژی پیرۆزییەکانی ئاین و نەتەوەش دەنووسرێن.

دوابەدوای ئەم تایبەتمەندیانەئەوە ڕوونە، کە دوای پەیدابوونی نووسین یەکەم دەقی نووسراوی ئەدەبی کوردی لە سەردەمی دوای هاتنی ئاینی ئیسلام دەقی شیعرییە و لەلایەن باباتاهیری هەمەدانی بە دیالێکتی لور نووسراوە،ئیتر لەو کاتە بەدواوە کورد خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورەی دەقی ئەدەبییە، بەتایبەتی دەقی شیعری، کە بە زۆری زارەکان و لەهەموو ئاستەکان و شەپۆڵەکانی کلاسیک و مۆدێرنیشەوە،بەبیری ئاینی و نەتەوەیشەوە، بە فۆرمە جۆراوجۆرەکانیشەوە،دەقی شیعری یەکجار زۆرمان هەیە، هەندێکیان لەئاستی هێندە بەرزن، ئەدەبیاتی نەتەوەیی کورد و شیعری کوردی دەبەنە ڕیزی پێشەوەی شیعرو ئەدەبی مرۆڤایەتی. لێرەدا سەبارەت بە دەقی شیعری لە شیعری کلاسیک یان شیعری کۆنەوە دەست پێدەکەین،کە ئەدەبی کۆن(کلاسیک) ئەو ئەدەبەیە پێش هەموو قۆناغەکانی تری ئەدەب کەوتووە، تێکەڵ بوون و ئاوێتەبوونی خود و بابەتن(الذات والموضوع) ئەدەبێکە شێوازو ناوەڕۆکێکی یەکجار پتەوی هەیە،ڕەمزو هێمای چینی خوێندەوارو دەسەڵاتدارانە، لەبەر ئەوەی مێژووەکی درێژی هەیە لەگەڵ هەموو نەتەوەو مرۆڤایەتی بەچاوێکی پیرۆز سەیر کراوە، هەر بۆیە خۆی لەدۆخێکی نەگۆڕو قالبێکی حازر بە دەستەوە ماوەتەوە.

## زاراوەی کلاسیک یان کلاسیزم:

زاراوەی کلاسیک یا کلاسیزم نازناوێکە بۆ دەربڕین لە شیعری شانۆگەری ( مەرگەسات،بەزمەسات )یا (تراژیدیا،کۆمیدیا)،کە ئەوانیش لەسەر سێ بنەمای سەرەکی دامەزراون(کات، شوێن، ڕووداو). زاراوەی کلاسیک یا کلاسیزم لەوشەی (کلاس)ی لاتینیەوە وەرگیراوە،کە بەواتای پارچەیەک لەشتێک دێت،وشەی کلاسیش(class) لە فەرهەنگی ئەم زمانەدا مانای ڕاستەقینەکەی لەسەرەتاوە بەکۆمەڵە کەسشتییەک وتراوە،لەزمانی هاوچەرخی ئینگلیزیشدا بەمانای پۆل و شوێنی خوێندن هاتووە و لەپاشان بۆتە زاراوەیەک بۆ چەشن و قۆناغێکی ئەدەبی یان شیعری، کە وەک ناوی یەکێک لە ڕێبازەکانی ئەدەبی بەکاردەهێنرێت.

## ١–كێشی ڕەسەنی كوردی (خۆماڵی):

كێشی ڕەسەنی كوردی مەبەست لەو جۆرە كێشانەیە كە پێش ئیسلام بوونی كورد ، لەزمانی كوردی و زمانەكانی تری ئێرانیدا ، هۆنراوەیان لەسەر داناوە ، دوای قۆناغی كلاسیكی كە بە قۆناغی نوێكردنەوەی شیعری كوردی ناسراوە ، شاعیرانمان گەڕاونەتەوە سەرئەم كێشەخۆماڵیە رەسەنەو هۆنراوەیان لەسەر داناوە ، لەوانە (شیخ نوری شێخ سالح، گۆران، سەیدا هەورامی، كامەران موكری، هێمن، زێوەر، بێكەس،عەونی، سامی ، دلزار، قانع ،دیلان و كاكەی فەلاح و...) ، زۆر لەو دەریا یانەی كێشی خۆماڵیان بەكارهێناوە و شیعری زۆریان لە سەر ئەم كێشە هۆنیوەتەوە ، بەتایبەتی لەسەر كێشی ( ١٠ ) بڕگەیی و ( ٨ ) بڕگەیی شیعری زۆریان هەیە ، كێشەكانی تریشیان بەكار هێناوە، كە هەندێك لەو نموونە شیعریانە دەخەینەڕوو:

- - كێشی حەوت بڕگەیی :-
- 
- جیهانم پشكنیوە ٣+ ٤
- نازدارجوانم زۆردیوە ٤+ ٣
- جی \ ها \ نم\\ پش \ ك \ نی \ وە
- ناز \ دار \ جوا \ نم \\ زۆر \ دی \ وە
- بەلاّم وەك تۆ نازەنین ٤+ ٣
- نەم دی لەسەر ڕووی زەمین ٤+ ٣
- ئەم شیعرە لەسەر كێشی حەوت بڕگـەیی یـە و بەسـەر بڕگـەكانی ( ٣+٤ و ٤+٣ )دا دابـەش بووە .
- ٢- كێشی هەشت بڕگەیی :-
- دانیشەلام خۆشەویستم ٤+٤
- دەستت بێنە بیخە دەستم ٤+٤
- 
- داستانێكە نەك ئەفسانە ٤+ ٤
- باسی كۆیەی خـنـجیلانە ٤+ ٤

ئەم شیعرەش هەشت بڕگەیی یە و ( ٤+٤ ) دابەش بووە .

- **كێشی دە بڕگەیی :-**

**یاران لەشین دام　یاران لەشـــین دام　٥+٥**

**نیوە سەر بڕاو　لەخاك و خوێن دام　٥+٥**

**ئەوتیرەی غەمزەی　لەئەبرۆی کەوان　٥+٥**

**نیشانت لێ گرت　وەك نێچیرەوان　٥+٥**

ئەم شیعرە دە بڕگەیی یەو ( ٥+٥ ) دابەش بووە.

## ٤- کێشی یانزدە بڕگەیی :-

**هوزارئاسا　کەهۆگربووم　بەزاری　٣+٤+٤**

**شەو و ڕۆژم　بەیادی　خونچەزارێك　٤+٣+٤**

**نی یە هیوام　بەرزگاریم　لەبەندت　٣+٤+٤**

**کە دەرناچێ　لە چنگ بازا　شکارێك　٣+٤+٤**

ئەم جۆرەکێشە لە فۆلکلۆردا بەتایبەتی لەناو لاوك و حەیران و پەخشانە شیعریش دەبینرێت ، ئەم شیعرە ( ٤+٤+٣ و ٤+٣+٤ ) دابەش بووە و کێشی یانزە بڕگەی خۆماڵیان پێك هێناوە .

- کێشی پانزده بڕگەیی :-

پرسیان لەجیهان بۆچی شووت نەکرد هەروا مایەوە ٥+٥+٥

سەری هەڵبڕی ناسك لەسەرخۆ جوابی دایەوە ٥+٥+٥

ئەوکەسەی ویستم من شووی پێ بکەم کەخۆشم دەویست ٥+٥+٥

زۆرکۆششم کرد لەبەختی ڕەشم ئەومنی نەویست ٥+٥+٥

- **کێشی عەرووزی عەرەبی :-**

- ئەم کێشە تایبەتە بە شیعری عەرەبی و شانزە دەریایە، یاساو دەستوری تایبەتی خۆی هەیە. پاش بڵاو بوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و بیرو شارستانی تازە،کە عەرووزی عەرەبی لەشیعری کلاسیکی کوردی زۆر بەفراوانی بەکارهات،هەر دەریایەک(بحر)کێشێکی تایبەتە قسیدەو شیعری لەسەر بنیات نراوە، بڕگەو بڕگە کردنی وشە بۆ کورت و درێژ پێویستیەکی بەرچاوی ئەوکارەن. کێش بنەڕەتێکی گرنگ و تایبەتی شیعرەو بێ کێش شیعر شیعرایەتی خۆی لەدەست دەدا. دێڕی شیعری لەچەند پێیەک(تفعیلە)یەک پێک دێت و ئەوانیش(٨)ن ئەمانەن:( مفاعیلن، فاعیلاتن،مستفعیلن، مفاعلتن، متفاعلن،مفعولات، فعولن، فاعلن)، ئەودەریایانەی لەشیعری کوردیدا بەفراوانی بەکارهاتوون، ئەمانەن:( هەزەج، ڕەجەز، ڕەمەل، سەریع، خەفیف، موزاریع، موتەجتەس، موتەقاریب، بەسیت)ن،

- **- کێشی هەزەج ( الهزج ):-**
- ئەم کێشە لەناو شیعری کوردیدا زۆر بلاّوە ، ( وشەی هەزەج لەزمانی عەرەبیدا بە مانای لەرینەوەی دەنگ هاتووە ، وەکو زاراوەش بەو کێشە عەرووزیە دەگوترێ کە سەرەتای بازنەی سێیەم بەو دەست پێ دەکا و لە کێشی عەرەبی سێ تەفعیلەی وەکو یەکە: " مفاعیلن – مفاعیلن – مفاعیلن " ×٢ ، ئەو کێشە یا ئەو دەریایە لە کوردیدا بەچار پێ ( تفعیله ) بەکاردێت : "مفاعیلن – مفاعیلن – مفاعیلن – مفاعیلن " ×٢
- **- کێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی تەواو :-**
-
- **لەڕێ ی دلّداریا ژینم بەبا ڕۆیی بـــەنـــامـــــرادی**
- **لە شوێن یارا وەکو شێت کەوتمە دەشت و کەژو وادی**
-
- لەڕێ ی دلّدا ریا ژینم بەباڕۆیی بەنامرادی
- – – –   ⏑ – – –   ⏑ – – –   ⏑ – – –
- لە شوێن یارا وەکو شێت کەو تمەدەشت و کەژو وادی
- – – –   ⏑ – – –   ⏑ – – –   ⏑ – – –
- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

- ## کێشی هەزەجی شەش هەنگاوی محزوف :-

- 

- بەلێن وابوو شەوێك بێ ی بۆ ژوانم
- بپرسی حاڵ و ئەحواڵ و ژیانــــم

- 

- بەلێن وا بوو     شەوێك بێ ی بۆ     ژوانم
- ⊔ – ⊔     ⊔ – – –     – – –
- بپرسی حا     ڵ و ئەحواڵ و     ژیانم
- ⊔ – – ⊔     ⊔ – – –     – – –
- مفاعیلن     مفاعیلن     فعولن ×٢

- کێشی ڕەمەل ( الرمل ):-

زۆربەی شاعیرانمان ئەم کێشەیان بەکارهێناوە ، ( وەکو وشە بەواتای ڕایەڵ کردن یا چنینی حەسیر هاتووە ، واتای ڕۆیشتنی خێراش دەگەیەنێ ، وەکو زاراوەش بەو کێشە دەگوترێ کە لە بازنەی سێیەمی ( موجتەلەب ) لە نێوان رەجەز و هەزەج هاتووە . لەکێشی عەرەبی سێ تەفعیلەی وەکو یەکە: " فاعلاتن - فاعلاتن – فاعلاتن "×٢ ، ئەو کێشە یا ئەو بەحرە لە کوردیدا بەچوار پێ ( تەفعیلە ) هاتووە و بەکاردێت " فاعلاتن – فاعلاتن فاعلاتن – فاعلاتن "×٢

- ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەحزوف :-

دڵ وەکو مەجنوون لە عەشقا دەشت و دەر واتەی ئەکا

یار کەوای زانی ئیتر لەیلا صیفەت لـــۆمەی ئـــەکـــا !

دڵ وەکو مەج نوون لەعەشقا دەشت و دەروا تەی ئەکا

یار کەوای زا نی ئیتر لەی لاصیفەت لۆ مەی ئەکا

–ᵕ–– –ᵕ–– –ᵕ–– –ᵕ–

فاعلاتن فاعیلاتن فاعیلاتن فاعلن ×٢

- - ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەخبوونی مەحزووف :-
- 
- هێندە بەدكارە فەلەك بۆیە لەئەو بێ ئەمەلم
- جارها ئاگری بەرداوەتە خەرمان و خـــەلم
- هێندە بەد كا   رە فەلەك بۆ  یە لە ئەوبێ    ئەمەلم
- جارها ئا         گری بەردا        وەتە خەرما   ن و خەلم
- - ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ
- فا علاتن          فعلاتن           فعلاتن          فعلن  ×٢
- 
- ٣- كێشی بە سیت ( البسیط ):-
- عەونی تەنها یەك شیعری لەسەركێشی بەسیت داناوە ، ( وشەی بەسیت لە عەرەبیدا بەمانای كشان و بلاو بوونەوە هاتووە ، بەلاْم وەكو زاراوە بەو كێشە دەگوترێ كە لە بازنەی یەكەمدا یەو پێیەكانی لە ناو بازنەی خۆیدا بریتین لە: مستفعلن  فاعلن   مستفعلن   فاعلن×٢.

**٤ - کێشی موزاریع ( مضارع ):-**

**وشەی موزاریع لە عەرەبیدا بەمانای پێ چوون هاتووە ، وەك زاراوەیەکیش بۆ ئەو کێشە بەکاردێ کە لـە بازنـەی چوارەمدایە و پێیـەکانی لـە نـاو بازنـەی خۆیدایـە بـەم جۆرەیـە: مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن ×٢ ، ئەم کێشە بەتەواوی بەکار نەهاتووە .**

- **- کێشی موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەب :-**
- **نەورۆزی ساڵی تازە جەژنی بەهارە ئـیـمـڕۆ**
- **دەنگی بلوێر لە دێ یە یان نەی لە شارە ئیمڕۆ**
- **نەو رۆ زی سا ڵی تا زە جەژ نی بە ها رە ئیم ڕۆ**
- **– ⊔ – ⊔ – ⊔ = – ⊔ – ⊔ – – –**
- **دەن گی بل وێر لە دێ یە یان نەی لە شا رە ئیم ڕۆ**
- **– ⊔ – ⊔ – ⊔ = – ⊔ – ⊔ – – –**
- **مفعول فاع لاتُ مفعول فاع لا تن**
- **پێی دووەم کەفی هاتۆتە سەری بۆتە ( فاع لاتُ ) .**

- - موزاریعی چوار هەنگاوی ئەخرەب :-
- ئەی گوڵ لە سەرچڵاٚنت
- بویین بە پـاســـەوانت
- ئەی گوڵ لە   سەر چ لاٚ نت
- بو یین بە   پا سەوا نت
- – – – ᴗ – ᴗ –
- مفعول   فاع لا تن

- **<u>زاراوەکانی سەر بەدێڕە شیعر:</u>**
- **دێڕە شیعر بریتییە لە دوونیوە دێڕ،کە لە بنەڕتدا بەرانبەر یەکتری دەنوسرێن لە شیعری کۆندا. نیوەدێڕی یەکەم= سەدر (الصدر). نیوەدێڕی دووەم= عەجز (العجز)ی پێ دەگوترێت. لە چوار پێ (تفعیلە) دروست بوونە و ئەوانیش هەریەکەو زاراوەی تایبەتی خۆیان هەیە:**
- **سەدر = یەکەم پێی نیوە دێڕی یەکەم.**
- **عەرووز = دواپێی نیوە دێڕی یەکەم.**
- **ئیبتیدا = یەکەم پێی نیوە دێڕی دووەم.**
- **زەرب = دواپێی نیوە دێڕی دووەم.**
- **حەشوو= پێیەکانی نێوان سەدر و عەرووز، یان ئیبتیدا و زەرب)ن، بەم شێوەی خوارەوە.**

- سەدر|حـــــــــــــــەشـــــــــــــــوو|عەرووز سەدر
- ئیبتیدا|حـــــــــــــــەشـــــــــــــــوو|زەرب عەجز
- بۆنموونە:
- 
- لەمەوجی بەحری فکرەتدا پڵوپۆشا| نە گەردانم
- سەدر | حەشـــــــــــــوو | عەرووز سەدر
- لەئەوجی نووری وەحدەتدا میثالی زەڕ| ڕە حەیرانم
- ئیبتیدا | حەشـــــــــــــوو | زەرب عەجز

## سەروا (قافییە)ی شیعری:

مێژووی سەروا پەیوەندیەکی توند و پتەوی لەگەڵ شیعردا هەیە و ئەرکی مۆسیقی و ئیستاتیکی تێدا دەبینێ ، سەروا وەك کێش بنەڕەتێکە لە بنەڕتەکانی شیعر، راستە کێش بە پلەی یەکەم و سەروا بەپلەی دووەم لەپێناسە تەقلیدیەکاندا بەمەرجی شیعر دانراون ، بەلاّم سەروا لە ڕووی مێژووییەوە لەلای زۆربەی نەتەوەکان بایەخی کۆنترە لەکێش بۆ گەلاّلەکردنی بنەماکانی شیعر ، سەروا یەکێکە لەپێویستیە سەرەکیەکانی شیعری کلاسیك و بوونی لە هەر شیعرێکدا ، چەندین پێناسەی جۆرا و جۆری بۆکراوە، لەوانە : ( قافیە بریتیە لە دوا تیپی دێرەوە تا یەکەم تیپی وەستاوی پێش خۆی و تیپی پێش ئەویش ، واتە سەرجەمی تیپە بزواوەکانی نێوان دووپیتی وەستاوی کۆتایی دێرو تیپی وەستاوی یەکەمیش. قودامەی کوڕی جعفەر دەڵێت:(شیعر گۆتەیەکی کێش و سەروا دارە، مانایەک دەگەیەنێت).

- کەواتە بۆیە سەروا بەیەکێک لە ڕەگەزەکانی شیعر داندراوە. سەروا لەسەر بنەڕەتی یەکبوونی یەک یاچەند دەنگێک دامەزراوە، واتە دووبارە بوونەوەی دەنگە لێکچووەکانە لە مەوداو زەمەنی تایبەتیدا دروست دەبێت. ئەم دووبارە بوونەوەیە لەگەڵ ڕەگەزی جۆراو جۆری تر بەیەکەوە تەبایی و ترپە و شەپۆلی دەنگی دروست دەکەن. سەروا لەسەر پیتێکی بنچینەیی دادەڕێژرێ و دروست دەبێت، کە پێی دەڵێن(الروی) واتە ڕەوی پیتی نەبزوێنی کۆتایی دێڕە شیعرەو شیعرو قەسیدەی لەسەر دادەمەزرێ و هەر بەو ناوەشەوە ناودەنرێت و ناوی دەبەن، وەک ئەوەی بڵێین(قەسیدە نوونییەکە یان دالیەکە و...). یابەواتایەکی تر (شیعر قەت نابێ بەبێ ڕەوی بێت).سەروا لەشیعری کوردیدا فرە ڕەنگ و جۆراو جۆرە، پەیوەندی پتەو و ڕاستەوخۆشی لەگەڵ پیتەکانی بزوێن و نەبزوێن هەیە لەو وشانەی سەروای دێڕە شیعرکە پێک دەهێنن، بۆنموونە:
    - ئەوکیبارانەی سەر لە ئەفلاکن
    - کە لەڕێی ئاشنایی یا خاکن
- **(ئەفلاکن، خاکن)** وشەی سەروان، کافەکان(ک) ڕەوین و ئەلفەکان(أ)پێش ڕەوین، نوونەکان(ن) پاش ڕەوین.

- هەرشیعرێک پاش سەروای هەبێت پێی دەڵێن(مورەددەف)،کە ئەمەش زاهیرەیەکە لەشیعرەکانی نەتەوە موسڵمانەکانی غەیرە عەرەب زۆر بەفراوانی بەکاربردراوە،پاش سەروا لە شیعری کلاسیکی کوردیمان پانتاییەکی باشی گرتووە. وادەبێ پاش سەرواکە یەک وشەبێت:
- **موساوی وەک یەک و لوولن لەهەردوولاوە زولفەینی**
- **نموونەی عەکسی حەرفی میم و نوون و زولفەینی**
- هەردوو وشەی(زولفەینی، زولفەینی) پاش سەروان لەم دێڕە شیعرەدا.
- جاریواش هەیە پاش سەروا دوو وشەیە:
- **بەڕۆژ گیراوە شەو بنوارینە ئەطرافی زولفی یار**
- **چلۆنی من بنووسم جا ئیتر ئەو صافی زولفی یار**
- وشەکانی(زولفی یار، زولفی یار) لەدێڕە شیعرەکەدا بوونەتە پاش سەروا، کە هەریەکەیان لە دوو وشە پێکهاتوون.
- هەروەها پاش سەروا هەیە سێ یان چوار وشەن، وەکو:
- **مەگەر شێرو پڵنگی ئەی دڵ، ئەی دڵ**
- **بەموودایم بەجەنگی ئەی دڵ، ئەی دڵ**

- ياخود وادەبێت پاش سەروا لەتەدێڕێک بێت، وەک:
- **شۆخ و شەنگی زوهرە ڕەنگی دل ژمن بر دل ژمن**
- **ئاورێن هەیبەت پڵەنگی دل ژمن بر دل ژمن**
- لێرەدا دەتوانیین بڵێین دەقی شیعری کلاسیکی کوردی چوار جۆرە پاش سەروای جیاوازی هەیە.
- **جووت سەروا**
- جووت سەروا(مەسنەوی)، (المزدوج): شیعرێکە چیرۆک یان داستانی پێ دەنووسرێ و دەگێڕدرێتەوە. واتە ئەم جۆرە سەروایە ، زیاتر بۆ شیعری درێژ بەکاردێت، لەجووت سەروا ( مثنوی )دا، هەر دوو نیوە بەیتی شیعرەکە خاوەنی سەروای تایبەتی خۆیانن، هیچ لە بەیتەکان سەروایان وەکو یەك نیە و بەڵکو لە یەکتری جیاوازن، واتە هەر دێرەو سەروای تایبەتی خۆی هەیە،بۆیە جووت سەروای پێدەڵێن. ئەگەر هەر چەندە درێژبێت یەک کێشی هەیە، بەڵام هەر دێرەو سەروای تایبەتی خۆی هەیە. بۆنموونە عەونی شاعیر دەڵێت:

**ڕۆژێك دانیشتبووم تــەنــیا سەرم پڕ بوو لــە ماخولیا**
**لەپڕ برا دەرێك هـاتــە لام دانیشت و لێ ی کردم سەلام**

- سەرواى بەیتى یەكەم لە وشەكانى ( تەنیا ، خولیا ) یەو دەنگەكانى سەرواش ( ى ، ا ) یەو دەنگى ( ا ) ڕەوییە ، لە بەیتى دووەم وشەى سەروا ( لام ، سەلام ) سەرواى رەگەزدۆزیشى پێ دەڵێن ، دەنگەكانى ( ا ، م ) ەو ( م ) رەوییە . بەم شێوەیە تا كۆتایى شیعرەكە سەرواكان لەیەك جیاوازن ( مەسنەوین ).

## دەقی شیعری کلاسیکی بەپێی فۆرمی شیعری

- وەکو ئاشکرایە دەقی شیعری کلاسیکی لەڕووی پێکهاتنەوە،دابەش دەبێت بەسەر دووبەشدا:
- **یەکەم**:لەڕووی ڕوخسار (فۆرم)ی شیعری.
- **دووەم**: لەڕووی ناوەڕۆک یان مەبەستی شیعری.
- دەقی شیعری کلاسیکی کوردی لەڕووی ڕوخسارەوە چەند بابەتێک لەخۆی دەگرێت لەوانە :( زمانی شیعری، کێش و سەروا، قالبی شیعری، هونەرەکانی ڕەوانبێژی،ناسناوی شیعری شیعری و...).هەروەها لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە :(نەتەوەیی، نیشتمانی، ئاینی، دلداری، ستایش و...)دەگرێتەوە

- هەریەک لەم بابەتانەی سەرەوە چەند لقێکیان لێ دەبێتەوە، لەوانە کێش و سەروا کە پێشترباسمان کردووە، بەپێی پێویست، لەخوارەوەش ( قالبی شیعری) وەکو بابەتێکی فۆرمی شیعری دەیخەینەڕوو: **تاک (فرد)**

**بریتییە لە دێرە شیعرێک،کە لە دوو نیوە دێرە شیعر پێک هاتووە.** زۆربەی زۆری شاعیرانی کلاسیکمان لەم هونەرەیان هەیە. تاك وەکو بابەت شێوە و مانا و چەمکی سەربەخۆی هەیە. تاك بە زۆربەی **لەسەر**کێشە باوەکانی شیعری کوردی دانراوە. هەردوو نیوە دێر سەروایان وەکو سەروای دێری یەکەمی (غەزەل و قەسیدە)یە، خۆ ئەگەر لێکیش جیا بوون دیارە سەروای تاکەکە وەکو سەروای یەکەم دێری پارچە (قطعة) دەبێت، واتە سەروای تاك دوو جۆرە:

______________ أ ______________ أ

١. ______________ أ

- ______________ ب

- ناوەڕۆکی تاك: وتەیەکی کورتی پڕ مانا و مەبەست، پەندی پێشینان، فەلسەفە، لایەنی کۆمەڵایەتی و ..... تاد، لەخۆ دەگری.

- دڵم بێ تابە ،ئەحواڵم خراپە    هەتا تۆمی دلئارام و دلارا
- بێ تاب:بێ هێز
- تۆمی:تۆ بۆ من دەبی بە
- دلارا:دڵ خۆشکەر
- (بێ تۆ)دڵم بێ هێز و حالم خراپە.بەڵام کاتێ کە تۆ بووی بە مایەی ئارامی دڵ و دڵخۆشیم ،بێ هێزی دڵ و خراپی دڵم نامێنێ. لە دیوانی مەحوی ١٦ تاک هەیە و ناونیشانی (تاکەکان)یش نووسراون. یاخود وەکو نالی، دەڵێت:
- من مەدحی کاک احمد ئەکەم ئەو شاهی ماه جام بەنام
- ئەولییای عەسری هیلالی ئەو وەکو ماهی تەمام

# قەسیدە

- قەسیدە لەلایەنە هونەرییەکەیەوە: شیعرێکە لەچەند دێڕێکدا دارێژراوەو هەردێڕەو لە دوو نیوە دێڕی تەواو و یەکسان پێکهاتوون، کە مەرجە دێڕی یەکەمی سەروایان وەکو یەک بێت، واتە(موسەرڕەع) بێت،هەموو نیوە دێڕە جووتەکان بەهەمان سەروا هاتبن و لەسەر یەک کێشش بێت، کێشی قەسیدە فرە جۆر و ڕەنگاو ڕەنگە. دێڕێک لەدێڕەکانی کۆتایی قەسیدە پێی دەگوترێت(بیت طلب)، دێڕی کۆتاییش لە قەسیدە(بیت مقطع)ی پێی دەڵێن. ئەو بابەتانەی بە قەسیدە دەنووسرێن:( ستایش، داشۆرین، لاواندنەوە، حیکەمی(حیکمەت، فەلسەفە، عیرفان)،بەهاری،زستانی، خزانی(پایزی)... . قەسیدە لە بنچینەدا بۆ کاریگەری شیعر و زمان و ناوەڕۆکی شیعری عەرەبی دەگەرێتەوە، لای نەتەوەکان کت ومت وەرنەگێراوە، بەپێی زەوقی ئەدەبی و نەتەوایەتی و ڕۆشنبیری دەسکاری کراوە، شاعیرانی کوردیش لەژێر کاریگەری شاعیرانی عەرەب و پاشتر شاعیرانی فارس بۆخۆیان ئەو بابەتە شیعریەیان دەوڵەمەندتر کردووە. بەپێی ووتەکەی (جاحظ)شیعری عەرەبی بۆ (١٥٠– ٢٠٠)ساڵ پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەگەرێتەوەو ئەو سەردەمانە بە سەردەمی قەسیدەی عەرەبی ناو دەبرێ کە دواتر خۆیان لە(موعەلەقات)ەکەدا دیتەوە.

- قەسیدە پێشەکی هەیە بەزۆری لە نێوان(٥–١٥) دێڕ یا زیاتردایە، بەگوێرەی کورت و درێژی قەسیدە دەگۆڕێ. بۆ ستایش، دڵداری، مەی و مەیخواردنەوە، بەزم و ڕابواردن ئەم پێشەکییە پێی وتراوە(تغزل)یا(نسیب) بۆ وەسفی سروشت و لایەنەکانی، ساڵ، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا،داد و گلەیی، شانازی و ... . ئەم دوو بابەتە لە شیعری جاهیلی پەیڕەوکراوە). هەیە دەڵێ: غەزەل لە بنەڕەتدا لەو پێشەکییە دروست بووە، پاش ئەوەی لەقەسیدەکە جیاکراوەتەوە. سەجادی دەڵێ: لە(٢٠) دێڕو بەرەو سەرەوەیە. ڕای زۆر جیاواز هەیە بۆ چەندایەتی دێڕی قەسیدە. قەسیدە هەیە(٢٠٠)دێڕە و هەیە(٢٢٧)دێڕەو زیاتریش هەیە.

- **<u>غەزەل</u>**

- غەزەل بابەت و جۆرێکە لە قالبی شیعری کلاسیک، وەکو قەسیدە سەرواکەی یەکگرتووە، غەزەل شیعرێکی کورتەو لە(٩–١٥) دێڕ پێک دێت و جاری واش دەبێت کە کەمێک لەو ژمارەیە کەمتر یا زیاتربێت. وەک قەسیدە غەزەلیش ئەو مەرجەی هەیە کە دێڕی یەکەم و نیوە دێڕی دووەمی هەموودێڕەکانی تر دەبێت یەک سەروایان هەبێت.عیشق و خۆشەویستی پاک و بێ گەرد چ خوایی بێت، یان مرۆڤایەتی ؛بابەتی سەرەکی غەزەلە. ناسناو لەکۆتایی دێڕەکان یان لە دێڕی کۆتایی تۆمار دەکرێت،کێشەکانی غەزەل بەزۆری(هەزەج، ڕەمەل، موزاریع، خەفیف)ن. بۆنموونە : لە غەزەلێکداعەونی شاعیردەڵێت:

- لـەدووری تـۆ دڵی زارم ئـەگـەر زاری نـەکـا چ بکا
- لەچاوان خوێن وەکو دیجلەو فورات جاری نەکا چ بکا
- لە گۆشەی بێ کەسی دا بێ ئومێدو بێ ئەمەل ماوە
- لە ژین بێزارە داوای مەرگی یـەکجاری نەکا چ بکا
- ئەوەی کوشتەی نیگاهت بێ بەدەرمان ناکرێ چاری
- لەلای تۆ گەر بەیانی دەردو ئـازاری نـەکـا چ بـکـا

## پارچە

- پارچە بابەت و جۆرێکی شیعرە، وەکو قەسیدەو غەزەل سەروای یەکگرتووی هەیە. نابێت لەدوو دێرکەمتربێت،بیرو بۆچوونی واهەیە دەڵێت: باشتر وایە ژمارەی دێڕەکانی پارچە لە (١٢)دێڕ کەمتر بێت،ئەگەر ژمارەی دێڕەکانی پارچە لەسەرووی(٢)دێڕ و لەخوار(٧)دێڕبێت زۆر باشترە. بابەتی پارچە (غەم و پەژارەو سووتانەکانی ژوورەوەی شاعیرن،کێشی پارچە(قطعە) هەمەجۆر و ڕەنگاوڕەنگە. تاکە جیاوازی نێوان (پارچە و قەسیدەو غەزەل) لەوەدایە، کەدێڕی یەکەم لە پارچە(موسەڕڕەع)نییە، واتە دێڕی یەکەمی سەرواکەی هەردوونیوە دێڕەکانی جیاوازە،بە واتایەکی تر جیاوازی سەرەکی لەنێوان پارچەو (قەسیدە و غەزەل)لەسەروای یەکەم دێڕیەتی نەک لە ژمارەی دێڕەکانی. بۆنموونە عەونی شاعیر دەڵێت:

- بەهیوای هاتنت شەو تا بــــەیانی          أ
- بەچاوی مەستی تۆ چاوم لە ڕێ یە          ب

- چی یە جارێ گوزەر فەرمووی بەلامان          ه
- نیشانەی گەورەیی و کاری بەجــێ یـە          ب
-
- سەبا ئیمشۆکە مژدەی خۆشی هێنا          ز
- گوتی: ئامادەبە دولبەر لــەڕێ یـە          ب
-
- تاکۆتایی پارچەکە سەرواکەی بەم شێوەیە، کە لەشیعرەکەدا خراوەتە ڕوو.
-

# چوارین(روباعی)

هونەرێکی شیعر نووسینە ، کە پارچە شیعرێکی درێژە بەسەر چەند کۆپلەییێکی چوار نیوە دێری دابەش بووە ، هەموو کۆپلەکان بەسەر یەکەوە واتای گشتی شیعرە کە تەواو دەکەن ، واتە لەرووی واتاوە سەربەخۆ نییە ، لەرووی سەرواشەوە نیوە دێری کۆتایی هەموو کۆپلەکان لەگەل سەروای کۆپلەی یەکەم دا وەکو یەك دەبن . ئەم وەك یەکیەش لەسەروادا سەرەرای بەیەك بەستنەوەی هەموو شیعرەکەبەیەکەوە ، ریتم و مۆسیقایەکی چێژ بەخش بە شیعرەکە دەبەخشێت. بابەتی چوارین پەند و حیکمەت و فەلسەفەو عیرفانی و ...تاد،کێشی هەزەجەو دووبەیتی کێشی جۆراو جۆرە ، چوارین دوو جۆری هەیە :

١– چوارینی تەواو :

ئـەی مـامـە چـەنـد ئـیـخـتـیـاری أ

تــــۆ خـــەڵـکـی کامە دیاری ؟ أ

بـۆچـی دەکەی شـــیـــن و زاری ؟ أ

بـــە چ دەردێــك گــرفـتـــاری ؟ أ

ئەمە کۆپلەی یەکەمی چوارخشتەکییەکەیە کە سەرواکەی هەموو نیوە دێرەکان وەکو یەکن .

- **– چوارینی ناتەواو:**
- **ئەگەر چوارنیوە دێڕەکە یەک کێشی هەبوو، بەڵام نیوەی سێیەم یا چوارەم(کە بەزۆری لای کورد نیوە دێڕی سێیەم جیاوازی لەسەروا هەبوو پێی دەوترێت چوارینی ناتەواو. بۆنموونە عەونی دەڵێت:**
- **ڕۆڵــە مــن کــوردی عـێـراقــم ب**
- **کــەم سەبر پڕ ئـیـشـتـیـاقــم ب**
- **قەومێکی خاوەن نیــفــاقــم !! ب**
- **بـێ ئـا بـڕوو بـووم بە یەکــجــاری ! أ**

## دووبەیتی

- لە شێوەدا وەک چوارینە ،بەڵام کێشەکەی سووکەو زۆربەیان (١٠–١١)برگەییە لەسەر کێشی خۆماڵی هۆندراوەتەوە. هەروەها ناوەرۆکە عیشق وعیرفانییە روونەکەی لە (چوارین) جیای دەکاتەوە.کۆنترین شاعیری کورد بابا تاهیری هەمەدانی ،بەم جۆرە قالبە زۆربەی هەرە زۆری هونەری خۆی نواندووە و بەدووبەیتیەکانی ناوبانگی دەرکردووە.ئەم فۆرمە شیعرییە لە ئەدەبی دیالێکتی گۆراندا ئاشکراو دیارە ،بەتایبەتی لە شیعری شاعیرانی پەیرەوی ئایینی یارساندا. زۆربەی دوو بەیتییەکان هیچ پەیوەندییەکیان بەکێشی عەرووزی عەرەبیەوە نییە ،بەڵکو لەسەر کێشی سیلابی خۆماڵی دەکێشرێن.کێشی پەنجەیی کێشی هەرە باوی شیعری فۆلکلۆری کوردی یە لە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی دا. بۆنموونە:
- خورەم ئانان کە هەر شامان تە وینون
- ســوخــەن وا تە کرون وا تە نشینون
- ئەگەر دەستوم نەوی کە ئایۆم تە وینون
- بشـوم ئـانون بـویـنـەم کـە تـە وینـون
- شادمانن ئەوانەی ئێواران تۆ دەبینین.
- قسەت لەگەڵ دەکەن ولەگەڵ تۆ دادەنیشن
- ئەگەر لە دەستم نەهات (بۆم نەکرا)کە بێم تۆ ببینم،
- دەچم ئەو کەسانە دەبینم کە تۆیان دیوە.

موستەزاد(لێزیادکراو)

موستەزاد هونەرێکە لەهونەرەکانی شیعر، بەتەئسیری شیعری فارسی هاتۆتە ناو شیعری کوردیمان، مەلای جزیری یەکەم شاعیری کوردە ئەم هونەرەی لەناو دیوانە شیعرییەکەی بەکاری هێناوەو موستەزادێکی بەزمانی عەرەبی نووسیووە، دواتر پەرتەوی هەکاری، نالی، حەمدی...تاد. ئەم هونەرەیان تاقیکردۆتەوە.کێشی موستەزاد ڕەنگاو ڕەنگ و فرەکێشە، ئەمە وەك شیعری عەرووزی. بەکێشی خۆماڵیش شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران شیعریان لەو جۆرە هونەرە نووسیووە. سەروای موستەزاد دەبێت نیوە دێڕە درێژەکان لەگەڵ نیوە دێڕە کورتەکان یەك سەروای یەکگرتوویان هەبێت ،هەروەها دەشبێت لەسەروا جیاواز بن. واتە نیوە دێڕە درێژەکان سەروای خۆیان هەیەو نیوە دێڕە کورتەکانیش سەروای خۆیان هەبێت. مەرجی سەرەکی موستەزاد تفعیلەی یەکەم و تەفعیلەی چوارەم وەردەگیرێت. بابەتی موستەزاد شین وگریان و غەم وپەژارەو...تاد.بۆنموونەنالی دەڵێت:

ئەی تازە جەوان پیرم و ئوفتادە کەوتووم        تاماوە حەیاتم

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن        مفعول فعولن

_ _ ب ب _ _ ب ب _ _ ب ب _ _        _ _ ب ب _ _

دەستێ بدەرە دەستی شکستەم کە لەدەست چووم        قوربانی وەفاتم

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن        مفعول فعولن

_ _ ب ب _ _ ب ب _ _ ب ب _ _        _ _ ب ب _ _

## تەرجیع بەند

- تەرجیع بەند هونەرێکی شیعرییە،لە ڕێی ئەدەبیاتی فارسییەوە هاتۆتە ناو دنیای شیعری کوردی، تەرجیع بەند شیعرێکی درێژەو یەک کێشی هەیە، خۆی دابەش کردۆتە سەر چەند بەش و خانەیەک، هەموو ئەو بەش و خانانە سەرواکانیان جیاوازە، واتە هەر بەش و خانەیەک خاوەنی سەروای تایبەتی خۆیەتی. لەنێوان هەربەش و خانەیەک تەنیا یەک دێڕ بەسەر ئەو بەش و خانانە دەسووڕێتەوە، مەرجە لە تەرجیع بەنڎ ئەو دێڕە دەبێ کت ومت وەک خۆی و بەبێ هیچ گۆڕانێک دووبارە و سێ بارەو...تاد. ببێتەوە،بەگشتی ئەوەی لەتەرجیع بەند تێبینی دەکرێ، ئەو سێ خاڵەی خوارەوەن:

1. هەموو بەش و خانەکان یەک کێشیان هەیە.
2. هەر بەش و خانەیەک سەروای تایبەتی خۆی هەیە.
3. ئەودێڕەی بەسەر بەش و خانەکان دەسورێتەوە، بەهیچ جۆرێک نابێت، هیچ گۆڕانێک بێتە سەر وشەکانی. لە شاعیرانی کورد کە ئەو هونەرە شیعرییەیان بەکارهێنابێ حەمدی وەکو نموونەیەکی بەرچاوە بۆ ئەم هونەرە، تەرجیعەکانی یەکجار بڵاووبەناوبانگن،هەروەها شاعیرانی دیکەی وەکو سالم و زێوەرو خادیم و بێخود و...تاد. تەرجیع و تەرکیبیان هەیە. بۆنموونە حەمدی دەڵێت:

بێ هەزار ناوی سلیمانی بەتەئریخ(مشهد)ه

ئەم حیسابە عاقیبەت دەبێ بیکا ڕۆژێ زەمان

مەقصەدی ئەصلی و ئەساسی هەر دوعاکەی پێشووە

ئێستە تیکراری بکە بەڵکە بکا مەبحەث ڕەوان

ڕەبی مووی لێبێ زمانی و پەنجەکانی هەڵوەرێ

هەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

لامەدە حەمدی لەمەوضوع و دوعا کەشت بکە

لەم قسانە لازمە بۆ ئاخر بکرێ حەزەر

———— ———— ———— ——— ——

ڕەببی مووی لێ بێ زمانی و پەنجەکانی هەڵوەرێ

هەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

# تەرکیب بەند

- تەرکیب بەند کت ومت وەکو تەرجیع بەندە، بەڵام جیاوازی نێوانیان ئەو دێڕە شیعرەیە کەبەسەر بەشەکان دەسوڕێتەوە، لەتەرکیب بەند دەگۆڕێت ، بەڵام لەتەرجیع بەند ناگۆڕێت.وەکو بێخود دەڵێت:

دیسان لە ئێمە قاپیەکەی غەم کرایەوە
دەرگای طە رەب لە عالەمی دڵ داخرایەوە
دیسان جگەر کرا بە قەنارەی موشەقەتا
یەعنی دوکانی چەرخی جگەرچی کرایەوە
دیسان برینی کۆنی غەمی ئێمە هاتە سوتێ
جامی فەرەح بە بەردی حەوادث شکایەوە

# پێنجین

- پێنجین هونەرێکی دەقی شیعرییە و یەک شاعیر دەینوسێت،پێنجین کێشی هەمەڕەنگ و جۆراو جۆری هەیە. شیعرێکی درێژەو بابەتی هەمە جۆری پێ دەردەبڕدرێ، زۆر لە شاعیرانی کورد، ئەم هونەرە شیعرییەیان بەکارهێناوە، لەوانە:(ئەدەب، میسباح الدیوان، حەمدی و...تاد). پێنجین لە پێنج نیوە دێڕ پێکهاتووە،هەرچوار نیوە دێڕی کۆپلەکان سەروای جیایان هەیە و نیوەدێڕی پێنجەم سەرواکانیان وەکو یەکە، واتە ئەو نیوە دێڕە وەکو زنجیرەیەک کۆپلەکان هەمووپێکەوە دەبەستێتەوە.لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە دوو شاعیریش دەتوانن بینووسن، بەمەرجێک چوار نیوەدێڕی یەکەم هی شاعیر خۆی بێت و ئاماژەی پێ بدات،کە نیوەدێڕی پێنجەم هی شاعیرێکی ترە، کە نیوەدێڕی پێنجەمی شیعرەکە، هەموو شیعرەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بۆنموونەعەونی دەڵێت:

بەقەد شمشادی بۆستانە بە ڕوو باغ و گوڵستـــانـــە C

بەلێو کەوسەر ، بەچاو ساقی ، بە وێنە حووروغیلمانە C

لەسەر کێوی دڵم دایم وەکو مووسایی عـیـمـــرانـــە C

بەشوعلەی شەمعی ڕوخساری هەموو دنیا چرا خـانـە C

تەماشای دولبەری من کەن سوپا سالاری خـــوبـانـە C

لـەم کۆپلـەیـەدا سـەرواکان وەکـو یـەکن ، چـونکە کۆپلـەی یەکەمـە ، بـەلاَم گۆڕانکاری و جیاوازیەکە لەکۆپلەکانی تردا بەدیار دەکەوێت .

لەنێو خوبانی عالەم تاکە ئەم شۆخە بەبێ باکـــــی D

بەحوسنی سەرکەش و مەغروورە مەشهورە بەسەفاکی D

دڵە گەر تۆ نەترساوی چییە وا مات و غەمناکـــــی D

لەمەیدانی مەلاحەت شاسوارێکە بەچالاکـــــــی D

تەماشای دولبەری من کەن سوپا سالاری خوبانـــە C

# پێنج خشتەکی

- پێنج خشتەکی هونەرێکی بەربلاوی شیعری کوردییە ، لەپێنج نیوە دێڕ پێك دێت ، شاعیرێك شیعری شاعیرێکی تری بەدڵ دەبێ و لەگەڵ شیعرێکی خۆی تێکەڵی دەکات بەم شێوەیە : دێڕی یەکەمی شاعیرەکە وەردەگرێت و سێ نیوە دێری خۆی لەپێش دادەنێت لە سەر هەمان کێش و سەروا ، سەرواکە بەم شێوەیە دەبێت، بۆنموونە احمد هەردی لەسەر شیعرێکی شێخ نووری شێخ صالح پێنج خشتەکیەک دەهۆنێتەوە، دەڵێت:
- قەت نەدەی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شەو
- خۆت نەخەیتە بەرشەپۆلی ئەشکی بێ پایانی شەو
- ئەی کچی خواوەندی جوانی ئەی چرای دیوانی شەو
- خۆت بپارێزە لەئاهی دڵ بریندارانی شەو
- نەک خواناکردە گیرابێ دوعای نالانی شەو

کۆپلەی دووەم بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

**ویێڵم و تاریکە دەورم فەرشی ڕێگەم مەینەتە**
**بێ کەسم تەنیا دەناڵم مەرگی خۆمم عەزرەتە**
**سازی ئاهەنگی شەوانم سۆزی جەرگی لەت لەتە**
**یاوەرو یاری ئەنیسم ئاهو ئەشکی حەسرەتە**
**ئافەرین ئەی بارەکەڵڵا دیدەیی گریانی شەو**

کۆپلەی سێیەمیش بەم جۆرەیە:

**وا ئەزانی دەستی خەم یادت لەدڵدا دەرئەکا**
**ئەشکی خوێنینم دەلیلە بۆ کەسێ باوەڕنەکا**
**گیانەکەم بەو تیشکی چاوەی شەڕ لەگەڵ ئەختر ئەکا**
**دڵ ئەبێتە قەترەیێ خوێن و لەدیدەم سەر ئەکا**
**هەرکە ڕابووریێ بەدڵما سوحبەتی جارانی شەو**

# ناسناو

ناسناو = لەقەب = تەخەللوس

ناسناو تایبەتییەکە لە تایبەتییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی.

ناسناو یا... ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی. نیسبەت بدرێتە پاڵ ئیسمی مەسدەر(اسم مصدر). یا ناوی شتێکی ترە.- سیفەتێکی پەسندە. کوردی ــــ کورد مەحوی ــــ مەحو حەمدی ــــ حەمد \خاکی ــــ خاك وەفایی ــــ وەفا صابری ــــ صابر \گۆران، هێمن، بێخود، قانع، بێکەس، حەریق.

<u>گرنگی ناسناو:</u>

تێکەڵ نەبوونی شیعرەکان لە بەر نەبوونی چاپ و چاپەمەنییەکان.

ڕزگار بوونی شـــاعیرەکان لە ناوی نامۆ و ناقۆڵا بۆ ناوی ناســـك و ئاوازەدار و ... تاد. ٣- وەکو تەقلیدێك شاعیر دەبا ناسناوێکی بۆ خۆی دابنابا.

شاعیرمان هەیە لە ناسناوێکیان زیاتر هەیە:(مەلا، مەلیٚ، نیشان). (مەعدوم، مەولەوی)، (بیمار، سالم) (کوردی، هیجری)، (مەشوی، مەحوی)، (فایق، بەختیار)

هێمن لە تاریك و ڕوونەکەیدا دەڵیٚ: (شیعر و شاعیری هیچ قازانجێکی بۆ من نەبووبیٚ ئەو قازانجەی هەبووە کە ناوەکەمی لە سید محمد امین شێخ الاسلامی موکری) لە کۆڵ کردوومەتەوە. وەکو ئەم نموونە شیعرەی خوارەوە، کە نالی دەڵێت :

فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە\نالی ئەمرۆ حاکمی سیٚ مولکە دیوانی هـــەیــە
یاخود باباتاهیر، دەڵێت:

- عزیزان مردی از نامردی نایی
- فغان و نالە از بی دردی نایی
- حقیقت بشو از پور فریدون
- کەشعلە از تنوری سرد نایی

<u>دەستنووس</u>

دەستنووس دوو مانای هەیە:

١- هەر نووسینێك بەدەست نووسرابێت، وەکو:(نامە،بەیان،داواکاری(عەریزە)،نامیلکە و کتێب و...).

٢- هەرنووسراوێك پێش چاپ و تایپکردن کەوتبێ و مابێتەوە.

دەستنووس هەیە بەردەو هەڵکەندراوە، یان خشتی سورکراوەیە،قامیش، گەڵای دار،پێستە، قوماش،کاغەز، یان لەسەر هەرمەعدەنێك نووسرابێت.

دەست نووس ژمارە و ڕەقەمی نییە وەکو لاپەڕە.

لاپەڕە ی ١ أ ئەمە بەهەردووکیان دەبێت

لاپەڕەی ١ ب بە یەك پەڕ.

لاپەڕەی ٢ أ ئەمەشیان بەهەردووکیان دەبێت

لاپەڕەی ٢ ب بە پەڕی دووەم.

ڕۆژهەڵاتناسەکان(پەڕە) بەکاردەهێنێن، پەڕەش لە دەستنووس واتە هەردوو ڕووەکەیە.

# شیکاری دەقی ئەدەبی

مەبەست لەشیکاری دەقی ئەدەبی هەوڵدانە بۆ لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی دەق و دووبارە بنیاتنانەوەی، بۆ ئەوەی بەباشی لە مەبەستە بەشی و تەواویەکەی بگەین.(محمد مساعدی) دەڵێت:( دەقی ئەدەبی چنراوی پەیوەندی بە ناویەکداچووە، جیهان و نهێنی گرنگ لە خۆی دەگرێت، شیاوی ئەوەنە لێکۆڵینەوەیان لێ بکرێت، هەرکاتێک ئەوجیهانبینی و نهێنیانەی دەق جێی چاوەڕوانی زۆرترین خوێنەری سەردەم بوون، ئەوا دەقەکەی زۆرترین بایەخ و سوودی دەبێ)، هەر لەبەر ئەوەشە شیکاری دەقی ئەدەبی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە.

# ◘ چۆنیەتی شیکار کردنی دەقی ئەدەبی

◘ هەر دەقێکی ئەدەبی، بەهەر زمان و شێوازێک نووسربی؛ دەشێت لایەنێکی نهێنی و شاراوەی هەبێت. گەیشتن بەو نهێنی لایەنە شاراوەیە مەبەستی دەقنووسە، چونکە لێرەوە مەبەست دەگات و کارلێکی دەق لەسەر خوێنەر درووست دەبێت، کەوابێ گەیشتن بە کرۆکی دەق و دۆزینەوەی نهێنییەکەی و ئاگاداربوونەوە لە لایەنە شاراوەکەی دەق، ئەوە پێویستییەو دەبێت لە خوێنەردا هەبێت. بۆ ئەمەش ئەوپێویستییە بە باشی لەلای خوێنەر دەستەبەر بێ، دەبێ خوێنەر ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

◘ ١–دەبێت خوێنەر دەقەکە بە گرنگ بزانێ ئەو دەقە شتێکی زیادەیە، یان دەقێکی بێ مانایە، چونکە ئەگەر لەدەقێک نەگەیشتین مانای بێ مانایی دەقەکەنییە، خۆئەگەر ماناشی نەبێ،ئەوە بێگومان مەبەستێکی هەر هەیە، خوێنەر دەبێ وشیار بێ و ئەو ماناو مەبەستانە بدۆزێتەوە.

◘ ٢–کاتێک خوێنەر دەقەکە دەخوێنێتەوە، دەبێت هەست و بیری لای دەقەکە بێت.

٣–نابێت بڕیاری پێشەکیمان لەبارەی دەقەکە هەبێت،یان نابێت پەلە بکەین لەوەی کەوا بەزوویی بڵێین:مەبەست لەو دەقەی فلانە شتە..

٤–ئەو شوێنانەی دەقەکە، کە خوێنەر تێیان ناگات، دەبێ لەگەڵ ڕستەو پەرەگرافەکانی پاش و پێشیان بەراورد بکات، بۆ ئەوەی تێبگات ئەو ڕستە، یان پەرەگرافە واتا شاراوەیە بۆ لەو شوێنەدا هاتووە؟!

٥–ئەگەر واتایەک نادیاربوو، پێویستە لەوە دڵنیابینەوە، کە: ئایا لەواتای وشەو دەربڕینەکان تێدەگەین؟ یان لەوان نەگەیشتووینە؟ یان ئایا کێشە وشەو دەربڕینەکان نییە، بەڵکو کێشە شێوازی پێکەوە بەستانی وشەو دەربڕینەکانە؟ بۆ یەکەمیان دەبێت پشت بە قاموسی وشە ببەستین و بۆ دووەمیش دەبێت بیرمان فراوان بکەین و بزانیین شێوازەکان لە هەر شوێنێک و بۆ هەر مەبەستێک هاتن، واتای وشەو ڕستەکانیان دەگۆڕێ و وەکو واتای فەرهەنگیان نامێننەوە.

## خەوشەكان (عەيبەكان)ى دەقى شيعريى

١. دەقى ئەدەبى وەكو هەر شتێكى ديكە، مادام كارى بيرو زمانى ئادەميزادە، بێگومان بەهۆى جۆراو جۆر خەوش و كەم و كورِى تێدەكەوێت، گرنگترينى ئەو هۆكارانەى خەوش دروست دەكەن، لە خوارەوە تيشكيان دەخەينە سەر:

1-**لێكچواندنى ناشرين:**

بريتييە لە چوواندنى(لێيچوو)بە (لەوچوو)ەك، ئەو (لەوچووە) جوان نييە، هيچ(لێيچوو)ەكى پێبچووێنرێت، كاتێك ئەمە بكەوێتە نێو دەقى ئەدەبى دەبێتە عەيبەيەك بۆ دەقەكەو بەتايبەت بۆ خاوەنى دەقەكە، بۆنموونە:

- چاوی هەروەک چاوی بۆقێ
- لەدوای دەکەم گورگە لۆقێ
- دڵی ناحەز پێی هەرترۆقێ
- شەوان خۆشە تەق و تۆقێ

بۆق وێنەیەکی لێکچواندنی نارێکەو بۆنێو شیعر جوان نییە، بەڵام شاعیر وەکو شتێکی جیاواز بەکاری هێناوەو کردوویەتیە وشەی شیعری.

- **<u>٢–دەربڕینی نامەئلوف:</u>**

- بریتییە لەو دەقە ئەدەبییەی، کە شتێک لە خۆیدا دەگرێ، ئەو شتە لەگوێی بیسەر و زۆرینەی خەڵکیدا ئاشنایەتی ،ئەوەش – خەڵک چ ئولفەتێکی بەو دەبڕینە نەگرتووەنییە دەقی ئەدەبی گەورە ناکات، بەپێچەوانەوە عەیبەی تێدەخات و ناشرینی دەکات. بۆنموونە:

- گۆزەنییە وەکو دڵم
- پڕبێ لەمێژووی دەریاکان... (چنور نامیق)
- ئایا مێژوو لەنێو گۆزەدا جێی دەبتەوە؟! ئایا گۆزە مێژووی دەریاکان دەنووستەوە؟ بێگومان ئەمە دەربڕینێکی نامەئلوفە و شتی وەها نییە، شیعری مۆدێڕنە بەرهەمی هێناوە.

- بەقۆندەرە لەزەوی درا

- من نەبووم، پێڵاوی من بوو
- کەچی زەوی منی بەو جەستەوە
- تێ هەڵدا خەرەندێکەوە...
- پەیامی ئەم دەقە پەیامێکی گاڵتەجاڕییە، بەگەمەی زمانی ئەنجامی داوە، گاڵتە لەگەڵ خوێنەڕ دەکات، جۆرێکە لە عەبەسییەت، ئەقڵی باو قسەی وەها پەسند ناکات و دەڵێت: ئەو گاڵتەیە چییە؟ یانی چی من قاچم لە زەوی نەدا، پێڵاوەکەم قاچمی لەزەوی دا؟ مۆدێڕنەیە.

- **٣–ڕستەودەربڕینی نەسواو – ناڕێک:**
- رستەو دەربڕینەکانی زمان، دەبێ زۆر بەئاسانی، وەکو ئاو ڕێ بکات و بگاتە گوێی خوێنەر و بیسەر، بەڵام زۆرجار لەبەر هۆی جۆراو جۆر، بەو ئاسانییە ناگەنە گوێیان و لەبەر ئەوە ناڕێک و ناخۆش دەکەونە بەر گوێ، بۆنموونە:
- **زمان بڕۆ ئیش بکە نەک بڵێی ئیش چییە؟**
- **ئەوەی ئیش نەکات ژینی باش نییە!**
- **وەهات پێ ئەڵێت گیانە تۆو چینی پیر**
- **بەلاوی بکە کار لەپێش وەختی پیر**
- **بحەوێرەوە پاش ئیش بۆ ووچان**
- **بەری لاویەتی خۆی ئەخوا پیرەکان... د.شۆ**

لەنیوەدێڕی چوارەم:(بەلاوی بکە کار لەپێش وەختی پیر)، لەبنەڕەتدا (وەختی پیری)ییە،(وەختی پیر)نییە،ئەمە وای کردووە دەربڕینەکەی شاعیر لەبەر ئەو سەروایەی ناچاربووە دروستی بکات، پیتی(ی)لە( پیری) بکاتەوەو بیکاتە(پیر).. ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی عەیبەی دەق. هەروەها لەدێڕی شەشەمیشدا: (بەری لاویەتی خۆی ئەخوا پیرەکان). لێرەدا پیرەکان بکەری(ئەخوا)یە، ئەوەش کەواتە(کار)و(بکەر) بۆیەکگونجاو نینە، چونکە(بکەر) کۆیەو(کار)تاکەو ئەوەش لەنگی و عەیبەیەکی بۆ دەقە شیعریەکە دروست کردووە.

4-**کێش**:

کێشی هۆنراوه دەبێ لەهەموو دێرو نیوەدێرەکان یەکسان بێ،هەر زیادی و کەمییەک لەیەکێ لە نیوەدێرەکان، جوانێ شیعرەکە دەشێوێنێ و وەکو عەیبەیەک بۆ دەقەکە زەقدەبتەوە.. بۆنموونە:

نیشانەو هەیکەلی بۆ فەخری کوردان

فیداکاری خاکی پاکت کێوی لوبنان ... بێکەس

نیوەی بەیتی یەکەم وەکو هەموو هۆنراوەکە،(١١)برگەیە، کەچی نیوە بەیتی دووەم بووەتە(١٢) برگە، ئەوەش عەیبەیەکی بۆ کێشی شیعرەکە درووستکردووە.

5-**سەروا**:

هەندێ جار سەروا دەبێتە هۆیەک بۆ دروستبوونی عەیبەو خەوش بۆ دەقی شیعری، چونکە سەروای بەیتی پێشوو چۆن بێ، دەبێ سەروای بەیتی پاشتریش وەهابێت، ئەگەر بێت و هۆنراوەکە لەسەر سەروای یەکگرتوو بێت. هەروەها خەوش و کەم و کوڕیی تریش هەیە کاتێک شاعیران بەهۆی جۆراو جۆر توشی دەبن.بۆنموونە:

هۆی هەنار و هۆی هەنار

- هۆی هەنارو هۆی هەنار

- وێیتم دووبارە هەنار
- ئێکیان شیرنەو ئێکیان تار

لەنیوە دێڕی دووەمدا شاعیر هاتووە وشەکانی (تار و شیرن) کە دژیەکن کۆکردۆتەوە و کەوتۆتە ژێر حوکم و فەرمانی سەرواکە، چونکە هەمووان دەزانن کە هەنار ترش و شیرن و مێخۆشی هەیە، هەناری تاڵ نییە، ئەگەر هەشبێت زۆر زۆر کەم و دەگمەنە. گومان لەوەشدا نییە کە کەس هەناری تاڵ ناکڕێت. ئەی بۆچی شاعیر هاتووە باسی هەناری تاڵ دەکات، مەبەستەکەی ئەوەیە کە سەروای ئەم دێڕە وەکو سەروای دێڕی یەکەم لێبکات و مۆسیقایەکی خۆشی پێ ببەخشێت، بەڵام لەڕووی واتاوە تووشی خەوش و عەیبەیەک دەبێ، کە پەسندی خوێنەر و ڕەخنەی ئەدەبی نییە.

# دەق بەپێی جۆری بابەتەوە

دەق بەپێی جۆر و بابەتەوە، دەکرێت بەدوو بەشەوەو کە ئەمانەن:( دەقی ئەدەبی و دەقی زانستی)ن؛ هەریەکێک لەم بەشانە کۆمەڵێک تایبەتمەندی تایبەت بەخۆیان هەیە.

**<u>یەکەم\ دەقی ئەدەبی:</u>**

دەقی ئەدەبی ئەم دەقەیە، کە لە ڕێگەی زمانێکی هونەری ئەدەبی جوانەوە،بیرێکی دیاریکراو لە فۆرمێکی دیاریکراودا پێشکەش دەکات. ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەیە:

1–هەست و سۆز دەجولێنێ.

–شتەکان لەقالبی خۆیان گەورەتر دەکات.

–دووبارەکردنەوەی زۆری تیادایە.

٤–شتەکان لەتایبەتیەوە دەکاتە گشتی و لەگشتیشەوە دەکاتە تایبەتی.

٥–زمانەکەی بەزۆری لەسەر لادان دادەمەزرێت.

٦–تەنیا بیرۆکە بەدەیان شێواز دەخاتە ڕوو.

٧–هەتا هونەرەکانی ڕوونبێژی و جوانکاری و شێوازە خوازەیی و خواستنەکانی تێدا زۆرتر بێت ؛بایەخدارتر دەبێت.

8-زۆرجار لەجیاتی وشە، بە وێنەی لەوشە درووستکراو مەبەست دەگەیەنێت.

١٠–زۆرجار واتا بەشاراوەیی پێشکەش دەکات.

١١–ڕوواڵەتێکە لە ڕوواڵەتەکانی هەڵچوونی قووڵ لای دەقنووس .

- **دووەم\ دەقی زانستی:**
- دەقی زانستی ئەم دەقەیە،کە لە ڕێگەی زمانێکی ڕوونی دوور لەهونەرکاری و ئەدەبییەتی جوان،هەقیقەتی زانستێکی دیاریکراو لە پەخشانێکی زانستی و لە قالبێکی بە قەد پێویستی بابەتەکە پێشکەش دەکات. ئەم تایبەتمەندیانەش لەخۆدەگرێت.
- ١–هەقیقەت دەخاتەڕوو.
- ٢–پشت بە بەڵگەی سەلمێندراو دەبەستێت.
- ٣–زمانەکەی خاڵییە لە لادان و هونەرکاری.
- ٤–شتەکان بەناوی خۆیان ناو دەبات و خواستن و خوازەو ئیدیۆمەکان بەکار ناهێنێ.
- ٥–گرنگی بە کەرت و بەشەکان دەدات.
- ٦–بابەتەکان بەتەواوی (بەتێرو تەسەلی)، دەخاتەڕوو.
- ٧–دووبارە کردنەوەی تێدانییە.
- ٨–بیری پێشوەختە قەبوڵ ناکات.
- ٩–خەیاڵ و سۆز بابەتەکەی بەلارێدا نابەن.
- ١٠–ڕوواڵەتێکە لە ڕوواڵەتەکانی عەقڵی وردەکار و زانستخوازی زاناو بە ئەزموون.

## دەقی ئەدەبی – زانستی :

- ئەو دەقەیە، کە ڕۆحی خۆی لەیەکێ لە زانستەکان وەرگرتووە، شتێکی بڕواپێکراوە، بۆیە ئەوەی دەیڵێ چەسپاوەو گۆڕانی بەسەردا نایێت، بۆنموونە حسیب قەرەداغی، دەڵێت:
- یەک و یەک
- دەکاتە دوو
- قەت ناگۆڕێ و ناکاتە سێ
- شێوازەکە شێوازێکی هەواڵییەو هەواڵێکی زانستی بڕواپێکراو دەبەخشێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بۆمەبەستی ئیدیۆمیش سوود دەگەیەنێت.
- جاری واش هەیە، دەقەکە بەشێوازی پرسیاری دێت و پرسیار لەبارەی پرسە گرنگەکان دەکات، بۆئەوەی خوێنەر بەدوای وەڵامی درووستیاندا بگەڕێ و بەوە ڕێگەی ژیانی بۆ ئاسان و ڕێگەی ئاسوودەیی بۆ فەراهەمبێت، وەکو جەمال بێدار، دەڵێت:
- ئەو ئەستێرانەی دەڵێی ملوانکەن!!
- بەئاسمانەوە ئاهەنگ ساز ئەکەن!!

- کێ ڕایگرتوون بێ پایەو هەڵگر؟؟!!
- بۆچی ناکەون بەیەکدا نادەن؟؟!!
- یاخود جاری واهەیە دەقێکی زانستی بۆ مەبەستی فێرکاری بەکاردەهێنرێت، کە دوومەبەست یان زیاتریش لەخۆی دەگرێت و بەشێواز و زمانێکی ئەدەبی داڕێژراوە و خراوەتەڕوو،بۆنموونە:
- شەممە، لەدوای تۆیە یەکشەممە
- دووشەممە، ئەوەهاتم سێشەممە
- چوارشەممە، موبارەکە
- پێنج شەممە، تەدارەکە
- هەینی دەچینە گەڕان
- بۆ زیارەت و بۆ سەردان
- ، دیارە دەقێکی ، لەڕووی سەرچاوەی دەقەوەئەم دەقەی سەرەوە ، لەشێوەی فێرکردندا، کە ڕۆژەکانی هەفتە فێڕی ئەدەبی زانستییە مندالآن دەکات،بەشێوەیەکی زنجیرەیی، بێجگە لەمەش

باس لەگۆڕانکاریەکانی هاتنی شەو ڕۆژ دەکات، واتە ڕۆیشتنی هەرڕۆژێک، ڕۆژێکی تری بەدواوەیە، کە ئەمەش پەیوەستە بە فەلەکناسی و سوورانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا، کە شەو ڕۆژ دروست دەکات.

هەروەها ئاماژەکردن بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و دانانی بەرنامەیەک بۆ ئەم پەیوەندییە، لەڕۆژەکانی هەفتەدا، بەتایبەتی رۆژانی پشوو، کە لەناو موسڵمانان پێشتر تەنها رۆژی هەینی پشووی فەرمی بوو لەناو هەفتەیەکدا،ئەمە بێجگە لە گرنگی دان بە پاک و خاوێنی و دیاری کردنی رۆژێک بۆ خۆشۆردن بۆمندالان و...

## ◘ لێکدانەوەی وشەکان لە دەقی شیعری کلاسیکی کوردیدا

وەکو ئاشکرایە ئەو وشانەی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا بەکارهاتوون، بۆ سێ شێوە یان جۆر دەگەڕێتەوە،ئەوانیش بریتین لە:( وشەکۆنەکان، وشە بیانیەکان و وشە هاوبەشەکان)،وشە کۆنەکان ئەو وشانەن کە لەکۆندا لەزمانی کوردیدا بەکارهاتوون و لەئێستادا کەم یان هەر بەکارناهێنرێن، وشە بیانیەکانیش ئەو وشانەدەگرێتەوە کەشاعیرانی کلاسیک لەشیعرەکانیاندا بەکاریانهێناوە، یان هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە، ئەوانیش وشەکانی (عەرەبی و فارسی و تورکی)ن، هەروەها وشە هاوبەشەکانیش ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە هاوبەشە لەنێوان زمانەکاندا. ئەوەی کە مەبەستە لێکدانەوەو واتای ئەم وشانەیە کە باسمان کرد بەپێی دەقە شیعرییەکان کە لەلایەن شاعیرانی کلاسیکەوە بەکارهێندراون. وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

- تەبعی شەککەر باری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
- ئیـمـتحانی خۆیە مەقسـوودی لە عەمـدا وا دەکا
- یالەمەیدانی فەسـاحەتـدا بەمـیـسلی شـەهسووار
- بێ تەئەممول بەو هەمـوو نەوعە زوبانی ڕادەکا
- کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردی یە
- هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا
- بێتە حوجرەم پارچە پارچەی موسوەدەم بکڕێ بە ڕۆح
- هەرکەسێ کووتاڵ و پارچەی بێ بەدەل سەودا دەکا
- شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ ناسکی
- کەی لە دیققەت دا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا

- لەدەقێکی تری شیعریدا نالی، دەڵێت:
- عمرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم
- زۆرم گوت و کەس تێنەگەیی ئێستە خەمۆشم
- لەو گەردەن و عیقدە کە پڕە گەردەن و گۆشت
- بەو پێ یە کە نارم کە پڕە دامەن و کۆشم
- وەک تورەیی پیچیدەیی تۆ ساغ و شکەستەم
- وەک نێرگسی نادیدەیی تۆ خۆش و نەخۆشم
- سەرخۆشی شەرابی دەمی تۆ بووم و ئەمێستاش
- قوربان سەری تۆ خۆش کە نەماوە سەری خۆشم
- شێخی یو سەراپا دەڵەک و ڕێوی دەپۆشێ
- نالیم و بەڕووتی لە هەموو دیدە دەپۆشم

- شەو هات و ئەمن مەستی خـەیـالاتـی کـەسێکـم
- مەشغووڵی نەفەس گرتنی موشکین نـەفـەسێکـم
- لەم حوجرە لـە بەر پەنجەرە کەوتووم و دەخوێنم
- بۆ عـەیـنـی دەڵـێ ی بولبولی گۆشەی قەفەسێکـم
- هـەم واریـسـی فـەرهـادم و هـەم نایبی مەجنوون
- واتـێ مـەگـە قـوربان کـە گـەدا بـولهـەوەسێکـم
- گـەردەن کـەچـی تۆم بۆ کەشش و ڕست و قـەڵادە
- وا زەن مـەبـە نـاعـاریـف و هـەرزە مـەرەسێکـم
- وڵـڵاهـی کـڵاوی سـەری مـن چـەرخـی دەمـاڵـی
- بـبـوایـە بـەدامـانـت ئـەگـەر دەست ڕەسـێـکـم

- لەدوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان
- بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان
- لەخەوفی تەلعەتی ڕۆژ هەروەکو شێت
- بەڕوو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان
- دوو چاوی من کەوا کەیلی سریشکن
- دەپێون ئاوی بەحری خوێ بە پێوان
- مەکەن لۆمەی پەشێوی دڵ کە ئەمشەو
- پەشێواوە لەبەر پەرچەم پەشێوان
- شەرابی لەعلی ڕوومانی لەنالی
- حەرامە بێ مەزەی ماچێکی لێوان

چاوەکەت ئاگر لە سینەی عاشقی مسکین دەکا
مەستە مەیلی چەن کەبابێکی دڵی خوێنین دەکا

××××××××

لەبت میم و قەدت ئەلف و زولف چیم
دەزانــی بـەم سـیـیـانـە تـالـیـبـی چـیـم؟

- كە من پێم خۆشە بۆخۆم بێ بـــەڵابـــم
- لـە بـۆخـەڵکی تریش پێویســـتە وابـــم
- 
- نەژێر دەست بم نەکەس ژێر دەستی من بێ
- نـەداگـیرکەر نـەخـاك داگـیـر کـراو بم
- لە پاشاندا دەڵێت :-
- وەکو زۆربەی گەلانی ئەم جـیـهـانـــە
- منیش خاوەن وڵات و مـــافـــی رەوابـــم

# هیوادارم سەرکەوتوبن